# مام گاوان



## یادگاری و بە سەرهاتەکانی حەمەدەمین مەحمود رەسول

## ناسراو بە حەمەدەمین گاوان



### پێناسەیەکی کورت:

من، حەمەدەمین مەحمود رەسول لە ساڵی 1939 لە شاری شەقلاوە لە دایك بووم. دووبراو سێ خوشكم هەبوون، بەم ناوانەی خوارەوە:

( 1- وەسمان 2- عبدالله 3- عائشە 4- فاتیمە 5- خەدیجە )

رۆژو مانگ و ساڵی لە دایك بوونی باوكم نازانم، بەڵام لە ساڵی 1940 لە شاری شەقلاوەدا چۆتە بەر میهرەبانی خوادا. هەروەها دایكیشم كە ( سارە باوەكر شینە ) بوو ، ساڵی لە دایك بوونی دیار نیە، بەلاّم لە مانگی ئەیلولی 1960 دا ئەمری خوای بە جێهێناوە.

وەسمانی برا گەورم لە ساڵی 1927 لە دایك بووە، لە ساڵی 1945 کچی (ئەحمەدی عەولاّ موسڵی ) هێناوە، کە ئەکاتە خوشکی (ئیبراهیم ئەحمەد – ناسراو بە ئیبراهیم کەچە لێف)، لەراستیدا ئەم برایەم لە ژیاندا زۆر ماندوو بوو چونکە کاتێك باوکم مرد ئەرك و ماندووبوونی ماڵەوە هەمووی کەوتە سەر شانی ئەوو دایکمان، جگە لە کاری براکەم و دایکم هیچ شتێکی دیکەمان نەبوو سەرچاوەی داهاتمان بێت.
دایکم کاری دەستاڕو نانکردن بۆ ماڵان و ترێ لێکردنەوە و ئەم جۆرە ئیشانەی ئەکرد،
براکەشم هاوینان ، کەچە کەرێکمان هەبوو ، جار بە جار کاروانی پێئەکرد، ئەویش بە لابار ، چونکە رسقی بارەکە هی خۆمان نەبوو ، ئنجا لەگەل خاوەن بارەکە بە نیوەیان ئەکردەوە،
وەسمانی برام ، لە ساڵی 1965 بە نەخۆشی ئاوبەندی لە نەخۆشخانەی هەولێر چووە بەر دلۆڤانی یەزدان.و لە گردی زەیتوون ، گۆڕستانی گەورەی شەقلاّوە بە خاك سپێردرا.
عبدالله ی برام، کە مرۆڤێکی کەم وێنە بوو ، لەو جۆرە مرۆڤانە بوو کە هەرگیز نامرن و زیندوون، لە ناو دڵ و دەروونی دا جێی تایبەتییان هەیە، ئەویش دوای ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و چەرمەسەری و بەسەر هات لە رۆژی 1998/1/13 لە شەقلاّوەدا چووە بەر رەحمی خودا.
فاتیمەی خوشکم لە ساڵی 1950 دا جوانە مەرگ بووە ، خەدیجەی خوشکیشم ئەویش دوای ژیانێکی هاوسەری ناهاوسەنگ لە گەل ئامۆزایەکمان ژیانی بردە سەر تا رۆژی 25/ 9/ 1999 بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردین.
ئەمە بە کورتی باسی بنەماڵەکەم بوو ، لێرەوە ئەپەڕمەوە سەر کورتەی ژیانی بەندە.

سەرەتاکان:
بەهۆی هەژارییەوە ، هەر لە منداڵییەوە تووشی شەکەت و ئەزیەت هاتم، هەموو جۆرە ئیشێکم تاقی کردەوە، کاروانم ئەکرد، کرێکاریم ئەکرد، ژیانمان ناخۆش و تاڵ بوو، ئێمە تەنیا ژوورێکمان هەبوو،بۆ خۆمان و بۆ ئاژەڵەکانمان، ئێمە هەشت کەس بووین دوو کەریشمان هەبوون، هەر لەو ژوورەدا نانمان دروست ئەکردو ئەخواردو تیایدا ئەنووستین، هیچ جۆرە سۆبەیەکمان نەبوو پێی گەرم بینەوە، هەر لەو ژوورەدا ئاگرمان ئەکردەوە، دارمان ئەسووتاند، شەوانیش چرایەکمان هەبوو قووتووی تەنەکە بوو، شەوانە دامان ئەگیرساند، و لەو کاتانەی کە بڵێسەی ئاگر بڵند بووباو رووناکی پەیدا کردبا ، زوو چراکەمان ئەکوژاندەوە بۆ ئەوەی نەوتی چراکە سەرف نەبێت، کە بڵێسەی ئاگر دائەمرکایەوە ناچار چراکەمان دائەگیرساندەوە، ئەو کات بوتڵی نەوت بە دوو عانە بوو، بەلاّم دووعانە زۆر بە زەحمەت پەیدا ئەبوو،
ئەو کات خواردنی بەیانییانی زستان، ماش و دۆن و داندۆك بوو، نیوەڕۆیانیش دۆشاوو کونجی و توورو پیازو ئەگەر هێلکەو شتی دیش دەسکەوتبا باش بوو، بۆ ئێوارانیش زیاتر ساواری پەتی بوو هەروەها گەنمە کوتاوو یاپراغی بەگەنمی و یان بە برنجیش لێئەنران، هەندێك ساڵ وا رێك ئەکەوت ساڵی جارێك یان دوو جار برنجمان ئەخواردو ئەمانگووت ئەمرۆ ( پراومان ) خواردووە، ئەمە خواردنەکانی ئەو کاتەی ئێمە بوون،

نووین و پێخەفمان پێکهاتبوو لە دوو کۆنە بەڕی زۆر شڕ، من و دایکم و هەر سێ خوشکەکانم لە بن بەڕەیەکی شڕ ئەنووستین، من و خوشکەکەم هەمیشە لەسەر ئامێزی دایکم شەڕمان بوو، من ئەمگووت من لە ئامێزی ئەنووم ، ئەویش هەمان شت ئەیگووت نەو من لە ئامێزی ئەنووم، بەلاَم زۆربەی جاران دایکم منی ئەکردە ناو باوەشی گەرم و پڕ سۆزی خۆی ، چونکە من بە چەند ساڵێك لە خوشکەکەم بچووکتر بووم و هەروەها چونکە کوڕیش بووم.

سەبارەت بە جلو بەرگیش ، چەندی بڵێی ئەوەندە کەم بوو، بە شێوەیەك کە ناتوانم باسی بکەم، پێلاَومان نەبوو، بۆ کچەکان قاپ قاپەی دارییان دروست ئەکرد، بۆ کوڕەکانیش، ئەگەر یەکێك ولاَغێکی کوشتبایەوە ، ئەوە پێستەکەی ئەکردە خێر، ئەگەر بەرمانکەوتبا، ئەوە ئەو شەوە لە خۆشییاندا تا بەیانی خەو نەدەچووە چاوم، ئەمگووت بەیانی زوو ئەیبەمە لای ( مام حوسێن ) یانی ( حوسێن میسری ) پینەدۆز، کە پێلاوی دروست ئەکردن،

جارێکیان لە گەل دایکم چەندین ماڵ گەڕاین تا هەندێك خووریمان پەیدا کرد، دایکیشم بۆی رستم ، ئینجا بردمە لای ( مام حوسێن ) ئەویش بە خێر بۆی دروستکردم و هیچ پارەی لێ وەرنەگرتم.

دەربارەی شەوچەرەی شەوانی زستانیش، لە سالاَنی پەنجاکان، بۆ خۆمان و بۆ میوان ، مێووژو گیزو توو رەق و خەمیسمان دائەنا، زۆر کەم قەسپ و خورمامان ئەدیت، سێوو پرتەقالیش هەر هیچ بە هیچ شێوەیەك نەمان ئەدی، تەنیا ئەگەر یەکێك زۆر نەخۆش بوایە ، ئەوا رەنگ بوو لە کەرکوك چەند پرتەقاڵێکیان بۆ ناردبا، جاری واش هەبوو کە پیاوێك چووبا موسڵ یان بەغدا، کە ئەگەڕایەوە هەندێك توورو سلق و چەند پرتەقاڵێکی لە گەل خۆی ئەهێنایەوە.

پیاوێك هەبوو، بە ناوی ( جرجس ) باوکی ( مەلا وسو ) ، جارێکیان لە گەڕانەوەی لە شاری کەرکوك ،بۆ منداڵەکانی، پرتەقاڵی هێنابوو، کاتێ چاوم پێی کەوت زۆرم حەز چووێ ، گووتم ئەگەر منیش باوکم هەبایە ئەوە پرتەقالی بۆ ئەهێنام، شەو زۆر بە عادزی و خەمباری و غەریبی نووستم، بەیانی کە زوو خەبەرم بۆوە، هێشتا دایك و برا گەورەم لە خەو هەڵنەستابوون، دەلاقەیەکمان لە دیواری ژوورەکەماندا هەبوو، لە پشت سەری برا گەورەکەم، تەماشام کرد، بینیم پرتەقاڵێکی لەناودایە، بە دزیەدەستم بۆ برد، زانیم پرتەقالە و بە بێ دەنگی لە جێگەی خۆم دامنایەوە، کاتێ برا گەورەکەم لە خەو هەستا : گوتی بزانە چۆن پرتەقالم بۆ هێنای؟!، منیش یەکسەر لێم وەرگرتوو رام کردە دەرەوە، بانگی ( کافیە و جەمیلم )کرد، ئەوانە کچ و کوڕی مام جرجس بوون ، واتە خوشك و برای مەلا وسو، گووتم بزانن منیش پرتەقالم هەیە، پرتەقالی من لە هی ئێوە گەورەترە،ئەوانیش گووتیان نا هی ئێمە گەورەترە،

بۆ ماوەی چەند رۆژێك پرتەقالەکەمان هەر بۆن ئەکرد، پاش چەند رۆژێك پرتەقالمان خوارد، هەریەکەمان پارچەیەکی خوارد.

جاران لەو سەرو بەندەندا، خەڵکی شەقلاَوە لە وەرزی بەهاردا ئەچوونەوە باخچان، و پاییزان جارێکی دی ئەهاتنەوە گوندی. پێش ئەوەی هەموومان بگەڕێینەوە گوندی، پێشوەخت شت و مەکی ناوماڵمان ئەبردەوە

ناو خانوو ، لە ترسی باران بارین. چونکە هیچ کەس لە ناو باخچان خانووی نەبوو. تەنیا ئەو شتانەمان لە گەڵ خۆمان ئەبرد کە پێویستیمان پێی هەبوو. ئەوانەی دیکەمان ئەبردەوە ناو خانوو، لە وەرزی پایزدا، خانوومان پاك ئەکردەوە، قێچ یەکجار زۆربوون، دیوارەکانمان سواخ ئەکردنەوەو پاکمان ئەکردنەوە، هەر کە بمانزانیبا بارن ئەبارێ بارمان ئەکردوو ئەچووینەوە خانوو.

* * * * * * * * * * *

منداڵ بووم رۆژێکیان دایکم هەندێ خۆخی پەیدا کردبوون بۆ ئەوەی بیخۆین، بەڵام لەبەردەست کورتی و هەژاری دایکم پێی گوتم هەڕوو بیانفرۆشە، منیش چوومە چایخانەی کریکۆر چونکە ئەوکاتی رسقیان لێ ئەفرۆشت، لەوێ چەندی گێڕام کەس لێی نەکڕیم، پاش بەینەکی پاوەك هات گووتی خۆخەکانت بە چەندی ئەدەی؟ منیش گووتم بە چوار درهەم.
گووتی بێنە منیش خۆخەکانم دانێ، ئەویش دەسبەجێ کیهەی جوان بوو خواردی و هێشتا پارەی نەدایمێ، منیش پێم گووت پارەم نادەیێ؟ گووتی ئێستاکە پارەم پێچ نیە ، بەلام بەیانی بۆت دێنم، ئەگەر رازیش نی ئەوە خۆخەکانت! کەچی ئەو هەموو خۆخە باشەکانی خواردبوون؟ منیش ناچار گووتم بەیانی پارەکەم بۆ بێنە . گووتی باشە ، بەلام من پێم گووت ناوت چییە؟ گووتی من ناوم ئاغۆکە. خەڵکی گوندی کۆڕێمە.
بەلام مام ئاغۆك رۆیی چوار مانگی پێچوو نەمدیتەوە. هەر ناویشم نەبیستەوە، دوای ئەو ماوەیە کوڕە پلکێکم هەبوو ناوی ( حەمەد بەگ ) بوو، باوکی ( یەحیا ) هاتە ماڵی ئێمە دایکیشم بە جوانی قسەکەی بۆ حەمەد بەگ کرد، حەمەد بەگ بە دایکمی گووت با حەمەدەمین بچیتە کۆڕێ پیاوێکی لێیە ناوی ( مام عەباسە ) مام عەباس ئاشەوانە، با بچی پێی بڵێت ( ئاغۆك ) پارەی خواردووم، ئەوە ( مام عەباس ) دەسبەجێ پارەکەی لە ئاغۆکی ئەستێنێ،منیش بۆ بەیانی سواری کەرێ بووم و چوومە کۆڕێ، لەوێ پرسیاری ( مام عەباس ) م کرد، لەوێ قسەکەم بۆ مام عەباس کرد گووتی وەرە منی لەگەڵ خۆ بردە چایخانە، ئاغۆك لەوێ دانیشتبوو گووتی ئاغۆك قەت شەرم ناکەی پارەی ئەو منداڵە نادەی ، ئاغۆك لە چوار درهەم دوو درهەم و نیوی دامێ و درهەم و نیوەکەی دی خوارد، ئینجا گەڕامەوە شەقلاوە ئەمە یەکەم جارم بوو کۆڕێ ببینم چونکە هەرگیز لە شەقلاوە دەرنەچووبووم.

* * * * * * * *

هەرچەندە ئارەزوویەکی بە هێزم هەبوو بۆ خوێندن و فێربوون ، بەلام بەهۆی نەبوونی و هەژاری نەچوومە قوتابخانەو هەربە منداڵی ئیشیان پێکردم، برا گەورەکەم ئەیزانی حەزم لە خوێندنە ، بەلام دەرفەتی ئەوەنەبوو بنێردرێمە بەر خوێندن، بۆیە بۆ دڵخۆشکردنی من گوتی : (من برای خۆم ئەکەم بە مەلاو فێری قورئان خوێندنی ئەکەم!)

پیاوێك هەبوو ، بە ناوی ( فەقێ مستەفا) ئەوکات بۆ براکەم ئیشی ئەکرد، براکەم ئەو ساڵی هەندێ زەوی لە ( عوسمان میران ) وەرگرتبوو بۆ ئەوەی تووتن بە نیوەیی بچێنن. ئەو فەقێ مستەفایەش کرێکاری بۆ وەسمانی برام ئەکرد.

براکەم داوای لێکرد کە سیپارەیەکم بۆ بنووسێتەوە و فێری قورئان خوێندنم بکات، لە کاتی نانخواردنی ژەمی نیوەڕۆ بۆ ماوەی چارەگە دەمژمێرێك فەقێ مستەفا ماوەی مانگێك دەرسی پێ گووتم، دوای ئەوە وازم هێناو ، لە زستاندا دووبارە دەستم بە خوێندنی جزووی عەمما کردەوە ،

دوایی کە (عبدالله) ی برام بووە سەرباز بە یەکجاری وازم لە خوێندن هێنا، چونکە کەسمان نەما کارمان بۆ بکات و بە یەکجاری پەکمان کەوت.

من بە ناچاری بەری خۆم دایە جۆرەها کاروبار، سەرەتا چوومە داران، هەم بۆ خۆمان هەم و بۆ فرۆشتن.

هەر ئەو هاوین لە گەل ( مەلا عەزیزی دەروێش حەمدی ) لە ( دارە شین ) بوومە رەزوان، بەو مەرجەی ( مەلا عەزیز ) تەنەکەیەك مێووژم بداتێ، بەلاَم جگە لەو تەنەکە مێووژەی مەلا عەزیز خاوەن رەزەکانی دیش خێریان پێکردم و ئەو هاوینە هەشت تەنەکە مێووژم کۆکردەوە.

بۆ زستانەکەی لای ( ئیبۆی قەساب ) بووم بە شاگرد، دوایی وازم لەو هێناو، بە شاگردی ، چوومە لای (وەستا رەحمانی ناربەند ) تا ماوەی سێ ساڵاَن لای وەستا رەحمان جۆرەها ئیشم کرد، بەیانییان پێی کەرانم بلّند ئەکرد تا ئەو ناڵیان بکات، پاش نیوەڕۆ یانیش دوو بارە ( تور ) ی ئەکڕین و پێی ئەگوتم بڕۆ بیانفرۆشە، منیش ئەم فرۆشتن و ئێوارە پارەکەم بۆ ئەبردەوە ماڵێ ، ئەویش رۆژانەکەی ئەدامێ، کە (30 ) فلس بوو، ماوەی سێ ساڵاَن، رۆژانە بە ( 30 ) فلس لای ( وەستا رەحمان )ئیشم کرد. پێش ئەوەی وازی لێبێنم و دەست بە کاروان کردن بکەم.

کە دەستم بە کاروانان کرد ، چونکە منداڵ بووم بۆیە نەمئەتوانی کاروان بۆ هەولێرێ بکەم، بۆیە بە کاروان ئەچوومە دەشتی هەریر، دوای یەك دوو ساڵ لەگەل کوڕی خاڵم ( مستەفا ) چوومە کاروانی دەشتی هەولێرێ. هەرچەندە ئەو رسقەی ئەمانبرد هی خۆمان نەبوو ، بەلاَم بەشی نیوەمان لە رسقەکە هەبوو، کە ئەگەڕاینەوە گەنم و جۆکەمان بە نیوە ئەکردەوە جا هی هەر کەسێك بوایە.جا لەو کاروانانەوە کە لە ساڵانی پەنجاکانەوە بوون ، زۆر شتی خۆش و سەیر روویان ئەدا، پێم خۆشە لێرەدا هەندێکیان تۆمار بکەم.

* * * * * * * *

رۆژێکیان لە دەشتێ بەرەو هەولێر ئەگەڕامەوە، لە بەینی گوندی گرد عازەبان و هەولێر کەرم لێکەوت، سەردەمی ئێوارەبوو، هەرچەندی کردم کەرەکەم پێ هەڵنەستایەوە، بارەکەم پێ بارنەکرایەوە و بە ناچاری سەرەرای ترسێکی زۆر شەو لەو دەشتە مامەوە، پێش بانگی سبەینێ پیاوێك بانگی کرد : ئەوە بۆچی لێرەت هێخستووە؟ منیش گووتم ( مام حەنا ) کەرەکەم کەوت، بارەکەم بۆ بارنەکرایەوە،

ئنجا مام حەنا بارەکەی بۆ بارکردمەوەو پێکەوە بەرەو شەقلاوە کەوتینە ڕێ.
شەو هاتینە ( مەلا ئۆمەر ) شووتوویەکمان کڕیبوو، هەڵمانگرتبوو تا ئێوارە بیشکێنین، ئێوارێ شکاندمان و خواردمان، لە نیوەی شەودا مام حەنا ڕشانەوەی هات،ڕشایەوەو دوایی هۆشی لە خۆی نەما، من و ئەو بە تەنیا بووین کەسمان لەگەل نەبوو، من زۆر ترسام، کە مام حەنا لە خۆچوو، هاواری ئەو چایچییەم کرد کە ناوی مستەفا بوو، گووتم وەرە مام حەنا ئەمرێ ، مام مستەفا مەلا ئۆمەری، لەگەل چەند کەسی دی کە مەلای گوندیشیان لەگەل بوو هاتن، گووتیان مامۆستا بۆچ یاسینی لەسەر مام حەنای ناخوێنی؟ لێ مستەفا چایچی گووتی : (مامۆستا ئەو پیاوە دیانە!) واتە مەسیحییە، کاتێ مستەفا چایچی ئەو قسەیەی کرد ، مامۆستا یاسینی نەخوێند.
دوای ماوەیەك مام حەنا هۆشی هاتەوە بەرو دەستی بە قسەکردن کرد، کوڕێکی هەبوو بە ناوی ( شابا )لە ( بەستۆڕە ) کاری ئەکرد، نیزیکی مەلا ئۆمەر بوو، گووتم مام حەنا بچمە دوای شابەی کوڕت؟ گووتی پێویست ناکات، ئەوە چاك بوومەوە با هەرنەزانێ ..
سبەینەکەی لە مەلا ئۆمەر بارمان کردو بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە کۆڕێ بۆ ئێوارێش گەیشتینەوە شەقلاوە و ماڵی خۆمان.

* * * * * * * *

بۆ کاروانی بادینان گیزو مێوژوو هەنارو خەمیسو و دۆشاو و ئەو بابەتانەمان ئەبردن ، لەوێوەش برنجمان ئەهێنا. لەگەل ( عەزیز دەروێش و حەمەد قادر وەسمانە ڕەش و قادر حەسەن بەگ ) ڕێککەوتین ، لەشەقلاوە دەرچووین و بۆ ئێوارەکەی گەیشتینە ( هەبابان ) ، لەوێ چووینە ماڵی ( حەمە ئاغای هەبابان ) لەوێ میوان بووین، بەلام چۆن میوانێك؟! چەندی بڵێی لێمان وەرس بوون؟! پاش بەینێك قادری حەسەن بەگی بە مەلا عەزیزی گووت :
( یاشێخ لۆ نووشتیەکی لۆ ئاغاژنێ ناکەی؟! )
مەلا عەزیزیش گووتی باشە بۆی ئەکەم. ئاغە ژن کە گوێی لەو قسانە بوو، گووتی ( بە قوربانت ئەبم یاشێخ ئەوە ماوەی سێ مانگە مێردەکەم لە هەولێر نەهاتیتەوە ، ژنێکی دی هێناوە، چ ئاگای لەمن نەماوە، ئەگەر کارەکی وات ئەکرد گەڕاباوە لامان ئەوە خێرێکی گەورەت ئەکرد.) مەلا عەزیز گووتی باشە بۆت ئەنووسم ئەگەر قەڵەم و کاغەزێك بێنی ، لێ ژنە چەندی کردی نەقەڵەمی پێ پەیابوو نە کاغەز، ئنجا مەلا بە ڕەژوو لە پەڕی پەڕاوی نووسی، بەیانییەکەی پێش ئەوەی باربکەین و بڕۆین نووشتەکەی بۆ بە جێهێشت.
چەند ڕۆژێکمان پێچوو تا گەڕاینەوە ، وارێککەوت شەو گەیشتینە هەبابان، بەلام ئەمجارەیان هێشتا زۆر دوور بووین ،ئاغە ژن دۆشەگی بۆ مەلا عەزیز ڕاخست و گووتی یاشێخ بەقوربانت بم ئەو ڕۆژەی ئێوە ڕۆیشتن (

حەمە ئاغا) گەیشتەوە ماڵێ! ئەمرۆش ڕۆیشتەوە، هەر بەو شەوە چای بۆ لێناین و پراوساوارێکی خۆشی بۆ درووستکردین، شەو تابەیانی ئاگری بۆ کردینەوە!

* * * * * * * * *

لە گەڵ دووپیاوی شێت چوومە بادینان ، یەکیان باوەکری کوڕی خالْم بوو، ئەوی دیکەیان ( عەولای مامی ملا وسوی بوو ) ، بەراستی هەردووکیان شێتی تەواو بوون. بەڵام ناوەناوە باش ئەبوون و کاروانیان ئەکردن. بەرۆژ لە شەقلاوە دەرچووین و شەوێ گەیشتینە گوندی ( کودەریان ) ، شەوەکەی تایەکی زۆرم هاتێ ، هەرچی ئەمکرد گەرم نەئەبوومەوە، چونکە کاتەکە پایز بوو شەوان دونیا زۆر سارد ئەبوو، لەناو گوندی زۆر گەڕاین کەس جێگەی نەکردینەوە پاشان لە پێش دەرگەیەکمان هێخست، دەرچوو کە بەتەنیا ژنێکی لێبوو مێردەکەی لە ماڵ نەبوو.ئێمە هەموو شتێکی خۆمان پێبوو و پێویستیمان بەوان نەبوو، بەڵام من لەبەر تایە گرانەکەم ، باوەکر  بە ژنەی گووت : ئەگەر جێگەی ئەو منداڵە لە ژووریٚ بکەیەوە خێرت ئەگاتێ،
ژنەش ڕێگەی دا کەوا بچمە ژووریٚ لە پشت دەرگە کەچە جلەکەم لە پشتی کەرەکەم کردەوەو بە خۆم دادا، نیوەشەو بوو مێردی ژنە هاتەوە ، بە ژنەکەی گووت ئەوە کێیە؟ ، ئەویش گووتی ئەوە منداڵێکە لەگەل ئەو کاروانچییانە دایە، بەڵام هەر لە ئێوارەوە کەتییەو هیچ ئاگای لە خۆ نیە،
ئێمە بەیانی لەوێ بارمان کرد و چووینە ئەوبەری بادینان، بەڵام هەتا چووین و هاتینەوە باوەکرو عەولا بەشەڕ هاتن، ئەو ئەیگووت باوەکرە شێت، ئەویش وەڵامی ئەدایەوە و ئەیگووت عەبۆ شێت. منیش زۆر ئەترسام ئەو دوو شێتە لێك بدەن، بەڵام ئەوەیان باش بوو شەڕەکەیان هەر بە قسە بوو نەگەیشتە رادەی دەست وەشاندن.

* * * * * * * * *

هەندێ رووداوو شت کە بە پێویستم زانی لەم سەرەتایەدا تۆماری بکەم.

وەسمانی برام بێ ئیش بوو،ئەوەبوو  لەگەڵ باوەکری کوڕی خالْم چوون لە چیای سەفین لە شوێنێك کە پێیان ئەگووت ( گوور بە تال ) کورە رەژوویان کرد، کورە رەژووەکە گەورەبوو ، چوار باری باشییان لێ ئامادەکرد، وەسمان گووتی لەگەڵ باوەکر ئەم چوار بارە ببەنە هەولێر،
منیش لەگەڵ باوەکر چوومە هەولێر، لەوێ چووینە ( خانەی هێرگە کەران ) کە خاوەنی خانەکە ناوی ( نورەدین ) بوو، شەوی کەرو زەلامی بە (10) فلس ئەحەواندەوە. چەند شەو لەوێ بایت هەندە ( 10 ) فلسەیان لێ ئەستاندی، من و باوەکر رەژووەکانمان فرۆشتن، دوای فرۆشتنی رەژووەکان، باوەکر بەیەکجاری شێت بوو، لەگەڵ خەڵکی بەشەڕ ئەهات، ئەیگووتە من وەرە با پارەکەی بەش کەین، پارەکەی ئەکردە دوو

بەش، کاغەزەکانی بە جیا دائەنان و ووردەکانی بە جیا دائەنان، منیش ئەمزانی کاغەزەکان زیاترن، بۆیە ئەوانم هەڵئەگرتن، ئەویش ئەیگووت نابێت، پارەکەی دووبارە تێکەڵ ئەکردەوە، دوای چەند سعاتێك دیسان ئەیگووت باپارەکە دابەش کەین، دووبارە پارەکەی ئەکردەوە دوو بەش و هەروەها ئەم بەزمەی دووبارە ئەکردەوە، تا هەواڵ گەیشتە وەسمانی برام لە شەقڵاوە کە باوەکر ئەم بەزم و رەزمە ئەکات، ئەوەبوو دەسبەجێ خۆی گەیاندە هەولێرو هاتە لامان، منی ناردەوە شەقڵاوە، و لەدەس باوەکرو پارە بەشکردنەکەی رزگاری کردم،

ئەوکات لە نێوان شەقڵاوەو هەولێردا، تەنیا دوو پاس هەبوون لەم رێیەدا بۆ سەفەرکردن ئیشیان ئەکرد، یەکییان هی ( تۆماسی ) بوو، ئەوی دیکەشیان هی ( مام سەعیدی ) بوو، تۆماس پیاوێکی مەسیحی شەقڵاوە بوو، بەڵام مام سەعید ، لە هەولێر دائەنیشت، زۆر جاریش هاوینان ئەهاتە شەقڵاوە.



★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

رۆژێکیان ئەچوومە کاروانی ، وەستا مەسیح برای ( شەهید بیکۆ ) جووتە کاڵەشێکی زۆر باشی بۆ دروست کردبووم، بنی کاڵەشەکە تایەی سەیارە بوو زۆر قووڵی کردبوو، پێی زۆر ئەزیەت ئەدام لەبەرئەوە نەمتوانی دەپێیان بکەم ناچار بووم لەسەرباری کەرێی دانێم تا گەیشتمە دیبەگە پیاوێکی ریش سپی پێی گووتم ئەوە بۆچیپێڵاوت لە پێ دا نیە پێڵاوت نینە ؟ منیش گووتم بەڵێ پێڵاوێکی باشم هەیە، بەڵام تۆزێك پێم ئەگرێت . گووتی بێنە تا بۆتی چاك بکەمەوە، منیش گووتم ئەترسم لێم بدرِینی گووتی نا بینە بۆت چاك ئەکەمەوە ، منیش بۆمبرد ئەویش پارچە لبادێکی هێناو کردیە فەرش و لەناو پێڵاوەکانی دانا منیش ئیسراحەتم کرد.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

رۆژێکیان ئاریندارمان ئەبردە بەرِانەتی واتە ئەو گوندانەی وەك بەحرکەو چێژنیکان و گردەجووتیارو دارەبەنوو ئەو ناوچانە، کە عەشیرەی گەردی بوون، ئێمە لە کاتی پایزدا دار سپیندارو بی و ئارینداریش کە داری بەرِوو بوو ، بەهاران لە سەفین ئەمانبرِین و سپیمان ئەکردن تا پاییزان ئەمانبردنە دەشتی بەرِانەتی، لەوێج بە گەنم و جۆمان ئەداو ئەوانیش دارەکانیان بۆ دروستکردنی خاووەکانیان بە کار ئەهێنا، ئێمە ئەم کارەمان دوای نەمانی رسقی هاوین ئەکرد. لەبەرئەوە رۆژێکیان من و مستەفا کورِی خاڵم و عەبدوللا کاکۆ رێك کەوتین بچینە دەشتی بەرِانەتی.

کە ئەچووینە کاروان هێشتا سێ سعات شەو ئەما، بۆیە ئەو جارە من زووتـر دەرچـووم و چـوومە سـەر قـەبران لەوێچ چاوەڕێم کردن، تا مستەفاو عەبدوللاّ بێن، دار بەڕوێکی گـەورە لـەوێ هـەبوو ، منـیش چـووم لـەبن دار بەڕووەکە بانگی مستەفام کرد ، لەناکاو هەر هێندەم زانی زەلامێك چەقۆیەکی بۆ بن زگم هێنـا و هـاواری کـرد سەگباب لێرەش وازم لێناهێنن، منیش زۆرم نـەمابوو لـەهۆش خـۆم بـچم یەکسەر کشامەوە دواوەو سـام گرتـی بووم و چوومەوە لای کەرەکانم، مستەفاو عەبـدوللاّ هـاتن قـسەم بـۆ کـردن، گووتیـان باشـە شـێت نـەبووی بـەو شەوە لەسەر ئەو قەبرستانە ئەوزەلامەت لێ کێل بۆتەوە،
ئەو کابرایە ناوی عبدالرحمن بوو بەلاّم پێیان ئەگووت ئەڵمان کوردی و زۆر خەڵکیش پێیان ئـەگووت بولبـول، ئەو پیاوە خەڵکی کۆیێ بوو بەلاّم هـەردەم لـە شـەقلاّوە بـوو ژن و منـاڵی نـەبوو ئـیش و کاریـشی نوبـوو بـەلاّم جارجارە کۆنە قەمسەڵەو ئەفرۆشتوو ئەگەر گرانیشی کڕیبا لەوانەبوو بە کـەمتری فرۆشـتباوە پێیـان ئـەگووت بۆ وائەکەی ئەیگووت باوکم هەر ئیش بسوڕێ جاری وایـە قـازانـج ئەکـەم جاری واشـە زەرەر ئەکـەم چـۆنم بـۆ ڕێك کەوێ وا ئەکەم.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە بەهاری سـاڵی 1957 دا، هـاوڕێ ( ڕەشـید حـاجی ئیـسماعیل ) ناسـراو بـە ( ڕەشـیدی خەجـەگۆجێ ) ژنـی گواسـتەوە، بـە دەهـۆڵ و زوڕنـا شـاییەکی ڕەشـبەڵەکی زۆر گـەورەو خۆشـی بـۆ کـرا، لـەو شـایەدا بـووە شـەڕی ( عەبدی وسو ڕەحمانی و سەید محەمەد سەید حسێن ) کاتێك کە هەردوو لێکیان ئەدا ، ( سەید ڕەشید ) چووە یارمەتی سەید محەمەدی، مـن و حەمـەد زەخـۆکی بـرای عەبـدی لـەوێ بـووین، بـەلاّم حەمـەد ئاگـای لێنـەبوو، منیش چووم یارمـەتی عەبـدی بـدەم، ئـەوەبوو زۆر خـراپ لـە سـەید محـەدم دا، دەم و لێـوی پـڕی خـوێن بـوو، سەید محەمەد رایکردە ماڵی خۆیـان و سـەید مـستەفاو خوشـکو خـزم و کەسـەکانی کۆکردنـەوەو هێنایـنە سـەر ڕێگامان، ئەوان لە لای ماڵی ( حەسـەن چاوەش ) بـوون ئێمـەش لـە لای حەدیقـە وەسـەرکەوتینەوە، کـە شـایی کۆتایی هات ئێمە گەیشتینە چوار ڕێیانی ماڵی مام جەلال، من و حەمەد و عەبد و جەمیل جەرجیس بـووین، من گووتم با بە بێترمە سەرکەوین، بەلاّم حەمەد گووتی هەر لێـرەوە ئـەڕۆین ، هـەر چـوارمان پێکـەوە بـۆ لای سەرگردی هـاتین، لای مـاڵی ( قـاسمی ئۆمـەری ) پـێش بگەینـە مـاڵی ( حەسـەن چاوەشـی ) ( سـەید محەمـەدو سەید مستەفاو سەید ڕەشید و حەمیدی عەمـەری مـستەکەڕی بـرای مەجیـد سەرسـپی و ژن و خوشـکی سـەید محەمەدی و زۆربوون، ئەوەی داری پێبوو ئەوەی بەردی هەڵگرتبوو.. هەموویان لەچاوەڕێی ئێمەبوون، هەر کە ئێمـەیان دیـت هێرشـییان هێنـا، حەمـەد شـێرانە چـووە پێـشەوەو بـەدەنگێکی بـەرز گـووتی : سـەید مـستەفا شـەڕەکە گـەورە مەکـە.. دوو منـداڵ بەشـەرهاتینە هـیچ نـەبووە، تـۆ وەرە لـە جیـاتی وان لـەمن بـدە ، داوات لێئەکەم شەڕەکەی گەورەتر مەکە چونکە ئێمەش بێکەس نین،

بەلاّم بەداخەوە گوێ لە قسەکانی هاوڕێ حەمەد رانەگیراو زۆریان لێدا، چونکە زۆر چووبووە پێشەوە بۆ ئەوەی شەڕەکە گەورە نەبێ،

ئێمە ماوەی چارەگە سەعاتێك ئەبوو لێکماندا کاتێك کە کاك ( عەزیز سالّح ) هاتە یارمەتی ئێمە، چونکە ئەیزانی من و حەمەد شیوعین، ئەو کات کاك عەزیز ( باوکی ئازاد سەرسۆر ) زەلامێکی زۆر بە توانا بوو،بە هەمووومانەوە توانیمان زۆریان لێبدەین،

ئەو کات مەئمور مەرکەزێکی عەرەب باخچەی مالّی میری گرتبوو، ئەو هات ، ئێمەیان بردە مەرکەز شورتەی شەقلاّوە، ئەو کات مەرکەز لە گەراجی بوو ، گەراج خانووێك بوو کەوا هی مالّی ( مەلا سادق ) بوو، باوکی ( مەلا تاهیر ) ( مامۆستا مەلا سادق ) ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەبوو ، زانایەکی دینی بە هێزی سالّی پەنجاکان بوو .

شەو ئێمەیان لە گەراج بەند کرد من و حەمەدو عەبدی، لەلای مالّی سەیدانیش ( سەید محەمەد و سەید مستەفاو سەید رەشید و حەمیدی عەمەری مستەکەڕی بوون ،) هەمووومان پێکەوە لەیەك ژوور کراین،نیوەی شەوێ مالّی سەیدییان بردنە ژوورێکی دی، من لەخەو هەستام و گووتم : چوون ئەوان بەردەن و ئێمەش ئەمێنینەوە!

شورتەکە پێی گووتم ئەوە قەزیەیێکی دی روویداوە، منیش حەمەد و عەبدیم بە خەبەر هێنان گووتم ئەوە ئەوان دەرئەکەن و ئێمەش ئەهێلّنەوە، لەو قسانە دابووین، دەرگای ژووری کاتبی شورتەیان کردەوە، دیمان ( دایکی سەید ئەحمەد ) قسە ئەکات و کاتبی شورتە لێی ئەپرسێت : ئەتوو بە چاوی خۆت ئەو حەسەن و حوسێنەت دیتن؟

- بەلێ من بە چاوی خۆم ئەو حەسەن و حوسێنەم دیتن ، لێمان هاتنە ژوورێ و دەبانجەیان تەقاند ،ئەمەش کردمانە هاوار هەتا جیران هاتن ئەوانیش رۆیشتن .

لەو قسانەدا بوون حەسەن و حوسێن و کەمالی عەولای جەمال هاتنە ژوورێ لای ئێمە، بەو نیوە شەوە پرسیمان ئەوە چی روویداوە ؟

( حەسەن ) زۆر بە توورەیی وەلاّمی دانەوە گووتی : ئەنگۆ بزانن هەی داك قەحپەینە؟!

( حوسێن ) گووتی تەقەیان لە مالّی ( سەید تالیبی ) کردیە، و ئەلێن ئەنگۆنە.

بۆ بەیانی ئێمەو مالّی سەیدییان بردە هەولێر، لەوێ بەجیا ئێمەیان لە ژوورێك و ئەوانیشیان لە ژوورێکی دی دانان .

کە چووینە ژوورەوە بە خێرهاتنیان کردین، پیاوێکی رووگەشی چاو نەترسی سمێل گەورەی قسەخۆش هاتە لامان، پرسیارمان کرد کە کێیە؟ گووتیان ئەوە ( عەلی مەولودە ) خەلّکی کۆیەیە، شیوعییە ..دژی ئاغاو زۆردارە، من و حەمەد خۆمان لێ نزیك کردەوە، ئەویش زۆر ئامۆژگاری کردین، گووتی نابێ ئێوە لەسەر ئەم جۆرە شتانە شەڕ بکەن چونکە ئەوە لە بەرژەوەندی ئاغاو دەرەبەگەکاندایە.لەراستیشدا ئەوکات مالّی ( سەید

تالیب و ابراهیم کاکۆ ) هەردووکیان پیاوی ( عوسمان میران ) بوون و لەقسەی ئەوان دەرنەئەچوون، بە هەموو شێوەیەك خزمەتی میریان ئەکرد،
دوای دوو هەفتە، بۆ بەردانی هەردوو لامان ، میر خۆی هاتە هەولێر، من و حەمەدو عەبدو مالی سەیدان هەموویان بەردراین، بەلام ( حەسەن و حوسێن و کەمال ) بەرنەدران، منیش گووتم ئەگەر ئەوان بەرنەدەن منیش دەرناچم، عوسمان میران پرسی : ئەوە کوڕی کێیە؟
ئیبراهیم کاکۆ گووتی کوڕی مەحمود گاوانی ئامۆزامە،
عوسمان میران گووتی : مەترسە پاش چەند رۆژێکی تر ئەوانیش بەر ئەدەم،
ئەوەبوو دوای چەند رۆژێك ئەوانیش بەربوون.

* * * * * * * *

دائیرەی گومرگ دروست ئەکرا منیش کرێکاریم ئەکرد، نزیکەی بیست کەسێك ئەبووین ،رۆژانەمان روبعێك بوو کە ئەیکرد پێنج درهەم، جێی ئیش کردنمان نزیکی مەرکەز شورتە بوو، لەوێ خانووێکی گەورەیان گرتبوو وەختێ بووە مەرکەز شورتەی شەقلاوە،
پیاوێك هەبوو ناوی ( مستەفا ) بوو، پێیان ئەگووت ( مچۆل )، چایخانەیەکی لەوێ دانابوو.
ئەگەر کات هەبووایە کرێکارەکان و شورتەکان لەوێ دائەنیشتن.
رۆژێك ، کورێك هەبوو ناوی ( حوسێن قەلۆ ) بوو، لەگەل ئێمە ئیشی ئەکرد، لەگەل خاوەن چایخانە بەشەڕهات، شورتەکان زۆرییان لە ( حوسێن قەلۆ ) دا و لەسەر خاوەن چایخانەکەیان کردەوە، ئێمەی کرێکارانیش توڕەبووین و گووتمان ئەبێت ئێمەش لە شورتەکان بدەین، بەیەکجار هەموومان هێرشمان بردە سەر شورتەکان، باشمان لێدان تا هەموومان بردنەوە ناو مەرکەز، بەلام دوای نیو سعات شورتەکان بەچەکاکانیانەوە هاتن تا کرێکارەکان بگرن، بەداخەوە ئەمجارە کرێکارەکان هەلاتن، من و حوسێن قەلۆ گیراین، گووتیان ئەم دووانە بوون لە شورتانییان دا، زۆریان لە حوسێن قەلۆ دا، بەلام دەستیان نەکردە من، داوای کەفیلیان لەمن کرد تا رۆژی مەحکەمە، ( سەلیم عوسمان )بووە کەفیلم،
لەراستیدا من نەمزانی کەفیل بۆ ئەوەیە تا من لە پێش مەحکەمە ئامادەبم، وامزانی بە کەفیل موشکلەکە تەواو ئەبێت.
ئەوەبوو ئەو رۆژانە لە دائیرەی ( مەلاریا ) دامەزرام، و وامئەزانی ئەگەر لە شەقلاوە دەرچم، تۆمەتەکەم لەسەر لائەچێ، نەمئەزانی تا مەحکەمە نەکرێم قەزیەکەم کۆتایی پێ نایەت، لەبەرئەوە خۆم لە دائیرەی مەلاریا قەید کردو بە کاری مەلاریا چوومە شێروان مەزن، کە نزیك سنووری نورکیاو ئێرانە.
پاش چەند رۆژێك لە شەقلاوە ، بروسکەیەکیان لێدا، کە من بە زووترین کات لە پێش دادگەی شەقلاوە ئامادەبم، بروسکەکەیان پێ ئیمزا کردم و هەر ئەو رۆژە لەگەل لێپرسراوی دائیرەی مەلاریا کە ناوی ( حاجی

کوڕی حاجی حەسەن ) بوو، لەگەل شوفێری دائیرەی مەلاریا ناوی ( زاهیر کۆیی ) بوو، هەرسێکمان بەرەو شەقلاوە بەڕێکەوتین،
لە رێگە لە گەلی عەلی بەگدا لە کانی مالأندا ، دانیشتین.. حاجی و کاك زاهیر دەستیان بە عارەق خواردنەوە کرد، تا هەردووکیان فول سەرخۆش بوون !
ئێوارە بوو بەرێ کەوتینەوە، کە گەیشتینە خەلیفان حاجی سەیارەکەی لە زاهیر وەرگرت ، هەر لە ناو خەلیفان دوو زەلام دەستیان لێ راگرتین حاجیش بۆی راگرتن و هەڵیگرتن،
کە گەیشتینە دۆلی نشاوی لەوێ سەیارەکە بەلای چیادا چوو کاك حاجی چەندی کردی بۆی نەوەستا تا خۆی کرد بە بنە دارێکی گەورەدا ! ئەو کات سەیارەکە راوەستا، سەیارەکە دۆج پاوەریان پێ ئەگووت، ئەو دوو زەلامەی لە رێ هەڵمانگرتن و لەبۆدی سەیارەکە سوار ببوون، هەردووانیان هەڵیانکووتایە سەر حاجی و خەنجەرییان لێ بلند کرد ! بەلأم من دەستم گرتن پێم گووتن ئێوە شەرم ناکەن لەسەر پیاوەتیمانڕا شەڕمان لەگەل ئەکەن ، چونکە لە رێگە هەڵمانگرتن ئەبوایە سوپاسمان بکەن نەوەك شەڕە خەنجەرمان لەگەل بکەن، من چەند قسەی دیکەم لەگەل کردن و ئەوانم دوور خستنەوە، حاجی و زاهیر سواری سەیارەکە بوونەوەو منیش بە گورجی خۆم گەیاندنێ و هەردوو زەلامەکانمان لەوێ بەجێهێشتن بەروە شەقلاوە بەرێ کەوتینەوە،بۆ مەغریبێ گەیشتینەوە شەقلاوە.
پاش چەند رۆژێك چوومە دادگە، ئەو کات هەر لە نێوان ( 15 ) رۆژ جارێك یان مانگی یەك جار حاکم ئەهاتە شەقلاوە، بۆ دادگەکردنی خەلکی ناوچەی شەقلاوە کۆشکێکی عوسمان میران هەبوو پێیان ئەگووت ( مەعەلەق ) لەوێ دادگەیی ئەکرا.
شورتەکان هاتبوونە ئەوێ کە داوایان لەسەرم هەبوو، پێم گووتن با برایانە پێکبیێینەوە، ئەوەی داوای هەبوو گووتی ، من ناتوانم وازبێنم چونکە ئەگەر واز بێنم ئەوە لە جیاتی تۆ من حوکم ئەکەن ، ئەو وازی نەهێناو ئەوەی تریش شایەد بوو گووتی :
( ئەو ، حەمەدەمین گووتی لە شورتان بدەن، وەك شورتەکانی کۆیێ )
چونکە پێش ماوەیەك گوێمان لێببو لە کۆیە خۆنیشاندان سازکرابوو و لە شورتانیان دابوو، ئینجا گووتیان ئەوەش سیاسییە وەکو مەسەلەی کۆیێ ، لەبەر ئەوە حاکم بانگی کردم و گووتی یان رۆژێك حوکم ئەبیت یان روبعێك جەزا، منیش وامزانی هەرئەوەندەیە و مەسەلەکە تەواو، لەبەرئەوە بە شورتەکەم گووت، ئەگەر بتکردبا پیاوەتی باشتر نەبوو بۆ روبعە دینارێك ئەمەت نەکردبا. شورتەکە گووتی ئەوە هی ئەوەیە کەوا لە مەحکەمەی یەکەم حازر نەبووی، هێشتان مەحکەمەی شەڕەکەت ماوە،
پاش سەعاتێك بانگیان کردمەوە، کاتێ چوومە پێش حاکم پێی گووتم تۆ بۆچی گووتووتە لە شورتان بدەن وەك شورتەی کۆیێ؟ منیش گووتم من وام نەگووتوە، ئەوەیان بۆ من دروست کردووە. حاکم گووتی ئەوە شورتە شایەدت لەسەر ئەدات و ئەیسەلمێنێ، لەبەرئەوەی مندالی و تەمەنت گچکەیە نەوەك لە سالێك تا شەش

مانگ حوکمم ئەکردی، بەلآم دادگە رەحمت پێ ئەکات. ئەوە (12) رۆژ حوکمم کردی یان (12) رۆژ ئەچیتە بەندیخانە یان (3) دینار سزا ئەدەی، منیش گووتم ئەچمە بەندیخانە. چونکە هیچ پارەمان نەبوو،
بەلآم عوبێدی برام هات و چوو لە لای غەزوری سێ دیناری بۆ هێنام، لای (مەلا محەمەدەمین ناسراو بە مەلا حوتان) ، پارەکەمان داو لەگەل عوبێدی برام چووینەوە ماڵ، لە رێگەدا عوبێدی برام پێی گووتم گوێ مەدێ پارە چ نیە سەری مانگ معاش وەرئەگرم و پارەی مام مەلا ئەدەمەوە، چونکە ئەوکاتە لە جادەی رێگەی هیران ئیشی ئەکرد.

* * * * * * * *

لە ساڵی 1956 دا لە دائیرەی رێگەو بان بە شێوەیەکی وەختی بە ئێشکگری کۆگە لەگەل پیاوێکی دی کە ناوی ( وسووی پیربال )ی بوو خەڵکی گوندی سپیگرە بوو ، دامەزرا بووم، لە گوندی چنێران پێکەوە حەرەس بووین، ( ئیبراهیم کاکۆ ) بەرپرسی کارەکە بوو، من زۆر ماندوو بووم چونکە بە شەو حەرەسیم ئەگرت و بە رۆژیش ئیشم ئەکرد، خانووی خۆمان کرد بە دووو نهۆم واتە بە کۆشك، بۆیە هیچ کاتێکم بۆ حەسانەوە نەبوو،
ئێمە من و ( وسوی پیربالی ) حەرەسی کۆگە بووین، ، پیاوێکی فەلەش هەبوو حەرەسی تایبەتی ئیبراهیم کاکۆ بوو، ئیبراهیم کاکۆ ئەیویست لە مابەینی ئێمەدا واتە ئێمەو حەرەسەکەی ئەودا مونافەسە دروست بکات، تا کو زۆر وشیار بین،
ئێوارەیەکییان من لەسەر یاتاغەکەی خۆمدا درێژببوموم خەوم لێکەوتبوو ، حەرەسە فەلەکە پێلآوەکانی لێ دزیبووم و بردبوویە لای مام ئیبراهیم. ئینجا بانگییان کردم و گووتیان وەرە ، ئەوان لە بن چادری بوون کەئەکەوتە سەر گرد، منیش هەستام پێلآوەکانم بکەمە پێ، بەلآم تەماشام کرد لەوێ نەمابوون، دووبارە بانگیان کردمەوە گووتیان وەرە پێلآوەکانت هاتوونەتە ئێرە، منیش گووتم باشە مام شەمۆئیل بزانە لەجیاتی ئەو پێلآوانە چۆن تفەنگەکەت ئەدزم؟! مام ئیبراهیم ئەم قسەیەی زۆر پێخۆشبوو، گووتی :
کورۆ مام شەمۆئێل ئەگەر ئەمن حەمەدەمینی بناسم تفەنگەکەت ئەدزێ جا زۆر ئاگات لەخۆ بی.
شەمۆئێل گووتی: ئەگەر توانی تفەنگم بدزی ئەوە با توفەنگەکەی لۆ خۆ بی!
مام شەمۆئێل چەندی بڵێی هشیار بوو بەشەو هەرگیز دانەئەنیشت نەوەك بنوێ، جانەم زانی چی لێبکەم تا تفەنگەکەی بدزم؟
بەشەو هیچ مەجالی نەدا، تاکو بەیانی شەمۆئێل چاپەستەکانی پڕی ئاو کرد من زۆر بە گورجی تفەنگەکەم لەداری چادرەکە کردەوە و چوومەوە خوارێ بانگم کرد : مام شەمۆئێل وەرە تفەنگەکەت ببەوە!
شەمۆئێل بەهەردوو دەستانی لەسەری خۆی ئەدا، ئەیگووت کەس نەیتوانیوە تفەنگی من بدزێ، ئیبراهیم کاکۆ من نەنووستووم بەلآم چووم چاپەستەکان پڕی ئاو بکەم ، ئەو کوڕە تفەنگی منی دزیووە، ئیبراهیم کاکۆ گووتی مام شەمۆئێل نەمگووت تفەنگەکەت ئەدزی ئەوە دزی.. جا ئیبراهیم کاکۆ بۆیە زیاتر حەرەسەکانی

لەیەکدی هان ئەدا تا حەرەسەتەکەمان بە باشی بگرین و نەنووین، ئێمەش یەکمان لەترسی ئەویدی نانووستین.

ڕۆژێکیان زۆر شەکەت و ماندوو بووم نەمتوانی هیچ جۆرە خواردنێك بۆ کەرەکەم پەیدا بکەم، منیش بە مام وسوی وەرداشم گووت بەڵکو هەندەك گیام بۆ بکڕێ، مام وسو لەدەڵمدا گووتی ئێمە شەقڵاوەیی نین گیا بفرۆشین؟! ئەوەتە کۆمەڵە گیایەك لێرەیە هی ماڵی خەزووری منە هەموو شەو بڕۆ ئامێزە گیایەکی بینەو بدە کەرەکەت.
منیش دوو شەو لەسەر یەك چووم گیام هێنا بۆ کەرەکەم شەوی سێیەم من دەستم بۆ گیا برد دیتم لولەی تفەنگێکیان لەسەر سینگی دانام، گووتی ئەوە بۆ گیا ئەدزی؟!
منیش زۆر بە توندی لولەی تفەنگەکەم گرت و گووتم من گیا نادزم ئەوە گیای مام وسوە.. هەر چەند هەوڵی دا تفەنگەکەم لەدەست دەربێنێ بەلاّم من بەرم نەدا، چەند هەوڵی دا بێ سوود بوو، هەر بەم شێوەیە چووینە لای ئیبراهیم کاکۆ، پیاوەکە ناوی شێخ محەمەد کوڕی ئەسعەدی چنێرانی بوو بە مام برایمی گووت:
 تۆ حەرەست داناوە یان دز؟! منیش لوولەی تفەنگەکەم هەر دە دەستی دابوو.
مام برایم گووتی تفەنگەکەی بەردە با بڕوات، منیش تفەنگەکەم بەردا، شێخ محەمەد بە مام برایمی گووت من زەلامم لەسەر بارە دارێك کوشتووە چۆن حەمەدەمین گیای ئەدزی؟
بەلاّم مام برایم بەتوندی خۆی لە شێخ محەمەد تووڕەکردو پێی گووت بڕۆ لێرە مەوەستە نەوەك ئێستا بەحەمەدەمین ئەڵێم تفەنگەکەت لێ بستێنی، بەم شێوەیە دەریکردە دەرەوە، بەلاّم پاشی بە منیشی گووت ئەبی تۆ لێرە بڕۆی چونکە ئەوە سەگبابە، لەسەر ئەمە منیش لە ئیشەکەم دەرکرام،
دوای چەند ڕۆژێك لە دائیرەی ئاوێ قەید بووم ، ئەو ساڵی مەشرووعی ئاوێ لە شەقڵاوەی داندرا منیش بە کرێکار قەید بووم ( مەلا محەمەدی مەلا تەها ) ئەو مراقبی ئێمە بوو، هەر ( 15) ڕۆژ جارێك مراقبیان ئەگۆڕی، ( مەلا محەمەدیان ) لابرد، ( عەولای حاجی مستەفایان ) هێنایە لامان، ژۆرم پێخۆشبوو کاتێ ( عەولا بەگ ) هات و بووە مراقبمان، چونکە پەیوەندیم لەگەل وی خۆش بوو ، چەندین جار پێکەوە چووبووینە ڕاوێ شەوان لە چیای مابووینەوە،
لە کارەکەی ئێمەدا هەردوو کرێکارییان پێکەوە دائەنان، من و پیاوێکیان پێکەوە دانا پێیان ئەگووت ( ئەحمەدە کۆر ) بەلاّم لە ڕاستیدا ناوی ( ئەحمەدی وسوی کامەلا ) بوو، مام ئەحمەد پیاوێکی باش بوو بەتەمەن گەورەبوو، من پێم ئەگووت مام ئەحمەد تۆ دانیشە من لە جیاتی تۆش ئیش ئەکەم، مام ئەحمەد زۆر لەمن ڕازی بوو، منیش بەقەد دوو کرێکار کارم ئەکرد،
ڕۆژێکیان لە پێش ماڵی خاڵم قازمەم لێ ئەدا، ( عەولاّ بەگ ) لەگەل ( ساڵح کوڕی حەمەدەمین چەرمەی ) لەماڵی قەشەی ئەهاتنەوە، ( ساڵح ) تفەنگی ( عەولاّ بەگی ) بەشانی وەکردبوو، لەدوای عەولاّ بەگی وەك غولامان ئەرۆیشت، وەك ئاغاو غولام ئەهاتنە پێش چاو، ئینجا عەولاّ بەگ بەمنی گووت حەمەدەمین بۆچ

ئیش ناکەیت؟ منیش گووتم چۆن ئیش ناکەم ئێستاکە ئەو هەموو عاردەت بۆ هەڵئەدڕم؟! من وام زانی گاڵتـەم لەگەل ئەکات.. یەکسەر پێی گووتم ( سەگی سەگباب قازمەکەی دانێ ! ) منیش پـێم گووت ئـەوە بەراسـتیتە ؟ قازمەکەم داکووتاو کلکی قازمەکەم لەدەست گرت گووتم بۆم راوەستە تا پێت بڵێم .
کاتێك زانی لێی ئەدەم هەڵات و چووە لای ( عەبدوڵڵا رەشید جەردەی ) گووتی بـرۆ لـە حەمـەدەمینی بـدە، ( عـەولاَ ) پێـی گـووت بـۆچ بـەخۆت لێـی نـادەی؟! ئـەویش دەفتـەرێکی پێبـوو نـاوی کرێکـارانی تێـدا بـوو ، دەفتەرەکەی فڕێداو رۆیشت.
بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ چوومەوە ماڵێ و دوای نانخواردن چوومە لای ( وەسمانی قادری وەسمانە رەشی ) چـونکە کاك وەسمان لێپرسراوی گشتی دائیرەی ئاوێ بوو ، کاك وەسمان لە لای من زۆر قسەی ناشیرینی بە عـەولاَ بـەگ گووت، دوای ئەوەی مەسەلەکەم بۆ باسکرد، من وامزانی بەراستیەتی و ئەو قسانەی لەسەر عەولاَ بەگ ئـەیکات مەبەسـتییەتی. بـەڵام چـبکەم عـەولا بـەگ لـەوێ نـەبوو گـوێی لـە قـسەکان بێـت، کەچـی ئێـوارێ لـە چـایخانە دانیشتبوون ، وات ئەزانی برای یەکدینە ، ئینجا زانیم وەسمان راست ناکات و خۆی و عـەولاَ بـەگ هـەردووکیان دزن و شەریکی یەکدین.
بۆیە ئەوێشم بە جێهێشت.
دوای ئەوە چووم لەگەل ( ئیـبراهیم رەشـید جـەردە ) ی چوومە ئیـشی، بـۆ ( سـاڵح مـیران ) ی تـا خانووەکـەی تەواو کرد، چـونکە ئـەو ساڵی ( سـاڵح مـیران ) ی ژنێکـی عـارەبی هێنـابوو و خـانووێکی تایبـەتی بـۆ ئـەو ژنـە دروست کرد.

******

لە ساڵی 1957 کە چوومە دائیرەی مەلاریا ئێمە بەکرێکارو بە چاودێر ژمارەمان ( 20 ) کـەس ئـەبووین ، لـە شەقلاوە بەرەو عەنکاوەیان بردین بۆ گوندەکانی دەورو بەری عەنکاوە، ( حەسەنی حاجی ئەحمـەد ) سـەرۆکی تیمـی ئێمـە بـوو، چـەند چاودێرمان هـەبوون وەك ( عەبـدی وسـو رەحمـانی و فـەتاح تـەها مامـە و فەیـسەل حەمەدەمین و حەمەد برای ژنی مستێ بوو، ) چووینە ئەو گوندانەی کە سەر بە ناحیەی عەنکاوە بـوون، ئـەو کات بەیانی حزبی شیوعی بە نهێنی دەرئەچوو، منیش چەند ژمارەیەکم لەگەل خۆم ئەبردن بۆ ئـەو گوندانـە و هەر گوندێك قوتابخانەی لێبایە ئەوە دوو تـا سـێ بـەیانم بـە دەرگـەو دیوارەکانی قەوتابخانەکـە هەڵئەواسی، ئەگـەر قوتابخانەشـی لێنەبایـە ئـەوە بـە دیـواری مزگـەوتم هەڵئەواسـی، هـەروەها بەیانـەکانم ئەدانـە فـەتاح و فەیسەل بە نهێنی بۆ کرێکارەکان و خەڵکی دییان ئەخوێندەوە ، شەوان ئەچوومە ماڵەکان و قسەم بـۆ ئـەکردن و سیاسەتم بۆ روون ئەکردنەوە خەڵکەکە زۆر کەیفیان پێدەهات چونکە زوڵـم و زۆرێکـی گـەورەیان بەرامبـەر ئەکرا. بەشی زۆری جەمیل حەسۆم لەگەل خۆم ئەبرد لەبەر ئەوەی ئەمزانی شیوعییەکانی خۆشـدەوێن زۆری پێخۆشبوو کە قسەم بۆ ماڵە جووتیارەکان ئەکرد، بۆیە هەر هاوڕێ جەمیلم لە گەل خۆم ئەبرد بۆ ئەو ماڵانە،

ئێوارەیەکیان چووینە گوندی گاینجی ئاغایەکی لێبوو ناوی موشیر ئاغا بوو ، ئێوارێ دوو جۆرە خواردنی دروست کردبوو ، یەکیان دۆڵمە بوو ئەویی تریان شلە ساواربوو، دۆڵمەکەی بۆ خۆو چاودێرەکان دانا، بۆ ئێمەش شلە ساوار، منیش زۆر تورەبووم بە موشیر ئاغام گووت ، من خۆم بە هەزاری وەك ئەوانە نادەم، بانگی جەمیلم کرد و گووتم با بڕۆین ئەچینە ماڵە هەژارێکی نان ئەخۆین، لێرە ناخۆین چونکە جیاوازی لە نێوان ئێمەدا ئەکەن، بۆیە من جەمیل چووینە ماڵە هەژارەکی و شەوێش هەر لەوێ ماینەوە.
بەیانی رۆیشتین بۆ گوندی ئیفاراز کە لەسەر زێی بادینانە، لەو گوند\ەدا ( فەیسەل حەمەدەمین ) چاەدێر بوو لەگەڵ ( ئەحمەد هەرکی ) چوونە ژوورێك ،ئافرەتێکیش ئەچێتە ژوورەوە ، فەیسەل دەست بۆ ژنەکە ئەبات، مێردی ژنەکە لە پەنجەرە ئەبینێ کەوا فەیسەل دەست بۆ ژنەکەی درێژ ئەکات، مێردی ژنەکە زۆر بە پیاوانە بە فەیسەل و ئەحمەد هەرکی گووت ، بڕۆن نەماڵەکەمان بڕشێنن نەناموسیشمان ببەن، هەرچەندە مێردی ژنەکە دەبانجەشی پێبوو ، بەلاّم بەراستی پیاوانە بوو تەنها دەریکردن ، ئێمە هەموومان لۆمەی فەیسەلمان کرد.
پاش چەند رۆژێك ( مستەفا بیبلەش ) هەروەك فەتیسەل ، لە گوندێکی تر دەستی بۆ ژنێك برد، بەلاّم ئەمجارە مێردی ژنەکە لە مستەفای داو پڕکێشی کوشتنی کرد، ئێمەش هەر بەو شەوە لەو گوندە رۆیشتین و چووینە گوندێکی دی، بەلاّم لە گوندەکەش تابەیان هەر پاسەوانیمان گرت چونکە ئەترساین مێردی ژنەکە لە دوامان بێت و زەرەرمان لێبدات، کە لە ناوچەکە دوور کەوتینەوە، نۆرەی ( فەتاح تەها مامە ) هات، ئەویش هەروەك ئەوان بەکرداری ئەوان هەڵستا. ئەوەی راستیبێ بەشی زۆری تیمەکە کەمو کوڕیان هەبوو تەنها ئەوەی هیچی لێ روونەدابێ من و ساڵح رەشید جەردە بووین.ئەوەبوو من هەتا گوندی ماوەران لە گەلیان بووم لەوێ لەگەل حەسەن بەشەڕ هاتم و وازم لە ئیشەکە هێنا و هاتمەوە شەقلاّوە.
لە ساڵی 1959 دا ئێمە چەند کرێکار بەیەکەوە لەلای ( وەستا ئەحمەد کەفتیار ) ئیشمان ئەکرد، پیاوێکمان لەگەڵ بوو بە ناوی ( شێخ محەمەد ) خەڵکی گوندی ماوەران بوو.( وەستا ئەحمەد ) دیواری ئەکرد و هەروەها ئەو کاتی جێگری سەندیکای کرێکاران بوو، بۆیە شێخ محەمەد داوای لەمن کرد کەوا بە وەستا ئەحمەد بڵێم بەڵکو مۆڵەتی بۆ وەربگرم، وەستا ئەحمەد گووتی با هەندەك دیواری بکات لە ژوورێکی ئەو خانووە بکات، شێخ محەمەد دەستی بە دیوار دروستکردن کرد، چەند رێزە بەردێکی دانا ، بەلاّم بە داخەوە رێزە بەردەکان رووخان و کەوتنە سەر شێخ محەمەد و زۆر ئازاریان دا، منیش هێنام سواری کەری شێخ برایمم کرد بۆ نەخۆشخانەم برد، ئەوکاتی تەنیا یەك نەخۆشخانە هەبوو ئەوەی لای مزگەوتی حاجی سەلیم نزیك قوتابخانەی کاوێس، لە نەخۆشخانە دکتۆر گووتی ئەبێ راپۆرتی شورتەم بۆ بێنن ئینجا تیماری ئەکەم منیش بردمە مەرکەز شورتە تا راپۆرتی بۆ وەرگرم ( شێخ محەمەد ) برایەکی هەبوو لەمەرکەز شورتە بوو، کە چاوی بە ئێمە کەوت و دیتی برای بریندارە قسەی ناڕێکی بە من گووت، منیش پێم گووت لەسەر ماندووبوونی خۆم قسەشم پێ بگووترێ، پێم گووت شەرم ناکەی کاك ( برایم )، ناوی برایم بو پێیان ئەگووت

( برایم پۆلیس یان برایمی شەمامێ ) ، برایم کە زانی مەسەلە چییە زۆر شەرمەزار بوو، دوایی راپۆرتمان بۆ کردو دکتۆر بە باشی تیماری کرد، بردمانەوە ماڵەوە نەمۆڵەتی بەبیر ماو نە وەستایی!

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

پیاوێك هەبوو بە ناوی ( مستەفا جەمال ) ، بەلاَم خەڵك پێیان ئەگووت ( خنێ ) یان ( خال مستەفا ) ئەو پیاوە باخچەیەكی لە شەقلاَوە هەبوو ، باخچەكەی فرۆشت و چەند قومارچییەك لێی كۆبوونەوە تا هەموو پارەی باخچەیان لێبردەوە، بەلاَم ( خال مستەفا ) كە پارەی نەما قوماری پێبكات ناچار بوو ئێمەی منداڵانی گەڕەك كۆبكاتەوەو ئەیگووت وەرن قومارێ لە گیز بكەین ئێمەی فێرە قومار ئەكرد چونكە خۆی زۆر مەراقی قوماركردن بوو و پارەشی نەمابوو قومارێ بكات بۆیە داوای لە ئێمە ئەكرد كەوا گیزان كۆبكەینەوەو شەوان لە ماڵی ئەو قومارمان لە گیز ئەكرد، شەوێكیان گیزەكانیشی هەموو دۆڕاندن ئینجا لەگەل من بەشەڕ هات ، گووتی : لەماڵەكەی من بڕۆ . ئەوكاتی لە ماڵەكەی رۆیشتم ..برادەرەكانیشم هەموویان هەڵستان و گووتیان مادام حەمەدەمین ئەڕوات ئێمەش ئەڕۆین ..، دوای ئەوە ( خاڵ مستەفا ) چوو بووە پۆلیس و ماوەی چەند ساڵێك لە شەقلاَوە دووركەوتەوە،دوایی گەڕایەوە شەقلاَوە و چاوم پێی كەوتەوە و پێم گووت : خاڵە بەخێربێیەوە ، گووتی تۆ كێی ناتناسم ؟ پێم گووت خاڵە من ئەو كەسەم كاتی خۆی لە ماڵی تۆ هەموو گیزەكانم لێبردییەوە چۆن نامناسییەوە..؟ خاڵ مستەفا راست رۆیشت و هیچ دەنگی نەكرد.. خاڵ تا تەقاویت بوو هەر بە پۆلیسی مایەوە.

★★★★★★★★★★

عوبێدی برام لە دائیرەی رێگاەو بان ئیشی ئەكرد لای برایم كاكۆ لە دۆڵی نشاوی ، دۆڵی نشاوی پێش بگەیە خەلیفان ئەو جێگەیەیە كە سمایل بەگ كوڕی لەعلی خانی لێ كوژراوە پێی ئەووترێ دۆڵی نشاوێ، عوبێدی برام لەوێ ئیشی ئەكرد ، پێنج شەموو هەینیان ئەهاتنەوەو رۆژی شەمە بەیانی زوو ئەگەڕانەوە ، هەموو جار نانی یەك هەفتەی لەگەل خۆ ئەبرد ، هەموو كرێكارەكان وەك ئەو بوون ، ئەو كرێكارانەی لەگەل ئەوبوون ( حەسەن وسو رەحمان و عەبدی و حوسێن و بیاسەوریش و عەولا بەكر قادۆل ) بوون ، بەلاَم ئەمجارە نانمان پێ ئامادە نەبوو ، لەبەر ئەوەی ئاردمان نەمابوو بۆیە بۆ رۆژی پاشتر من لەگەل عەبدی نانم برد ، عەبدی لەوێ مایەوە بەلاَم من بۆ بەیانی گەڕامەوە شەقلاَوە. لەگەڕانەوەمدا چاوم زۆر دێشا لەسواری كەرێ هیچم نادیت،چاوم ئەوەندە ئازاری كرد كە قسەم پێنەئەكرا كاتێ گەیشتمەوە ناو شەقلاَوە لای مزگەوتی خانزادی ئێستا كە ئەو كات زۆر چۆڵ بوو هیچ بازاڕی لێنەبوو تەنیا مەندیس خانەی لێبوو ، ماڵی مام مەنسووری لێ بوو ، ( حەمەدە خێل ) لەوێ گەیشتە من زۆر قسەی لەگەل كردم ، بەلاَم من لەبەر چاو هێشانم نەمتوانی جوابی حەمەد خێل بدەمەوە ، گەیشتمە لای گازینۆ سەلیم عوسمان لەوێ وەسمانی براشم گەیشتێ ئەویش لای سەبری كاكۆ ئیشی ئەكرد ، گەیشتە من و پێی گووتم: بەخوای حەمەدەمین ئێمە شتێكمان بەسەر هاتووە

یان دایكمان مردووە یان فاتیمەی خوشكمان ، ئەو زانیم بۆچی حەمەدە خێڵ ئەوەندە قسەی لەگەل من كرد، كە گەیشتینەوە ماڵەوە خەڵكێكی زۆر لە ماڵی ئێمە بوون لە خزمو دۆستان ، پێشوازی ئێمەیان كرد و بۆمان دەركەوت فاتیمەی خوشكمان ئەمری خوای كردووە ، ماوەیەكی زۆربوو خوشكمان نەخۆش بوو باداری بوو ، رۆماتیزمی بوو پێیەكانی ئەستوور ببوون ماوەی سێ چوار ساڵ تووشی ئەم نەخۆشییە ببوو زۆر بە ئازار بوو كە ئەمری خوای تەمەنی چواردە تا پانزە ساڵان ئەبوو ، چونكە پێش خەدیجەی خوشكمان فاتیمە لە یاسینی مەلا عەزیز مارەكرابوو ، چونكە وەسمانی برام بۆخۆی بە ژنی دابوو لە یاسینی مەلا عەزیزی مارەكردبوو .. خوشكی یاسینیش لە برایم ئەحمەد ( كەچە لێف ) مارەكرابوو .. خوشكی برایمیش لە وەسمان مارەكرابوو ئەوە سێ بە دوولایان پێ ئەگووت !! چونكو خوشكی وەسمانی گچكە بوو باوكی نەمابوو برایمیش گچكە بوو ئەویش باوكی نەمابوو لەبەر ئەوە كچی مەلا عەزیزیان لە ئیبراهیم مارەكرد چونكە مەلا عەزیز باوكی مابوو ئەیتوانی لەهەر كەس مارەی بكات، بەلاَم تەنیا وەسمان ژنی خۆی گواستەوە ، چونكە دەسگیرانەكانی یاسین و ئیبراهیم مردن.،. بەلاَم ئەمجارەیان خەدیجەی خوشكی وەسمانی هێنا ماوەی چل ساڵ لەگەلی ژیا لە 1999/9/25 خەدیجە بە نەخۆشی وەستانی دڵ كۆچی دوایی كرد، لەو رۆژەدا دوای نانخواردنی نیوەڕۆ ئەچێتە ماڵی ناسكەی كچی لەوێوەش بۆ ماڵی مەحمود، بەینێچ لەوێچ دائەنیشێ و دوایی ئەگەڕێتەوە لای ناسكە ولەقسە كردندا پاڵ بەدیواردا ئەدات و پرخەیەك ئەكات ناسكەش بانگی ئەكات، بەلاَم جوابی ناداتەوە ئەو كاتی ئۆتۆمۆبێلێكی حزبی شیوعی لەوێیە دەس بەجێ ئەیبەنە خەستەخانە، بەلاَم بەداخەوە هەر لە رێگەدا ئەمری خوا بەجێ ئەگەیەنێت.جەنازەكەیان هێنایەوە ماڵ و چووینە سەر قەبران و لە تەنیشت عوبێدی برامان گۆڕمان بۆ هەڵكەندو لەوێوە بە خاكمان سپارد،تازییەكەی لە مزگەوتی گەورە بوو و مەلا خالید قورئانی بۆ خوێند.،،

**********

پەیوەندیكردن بە حزبی شیوعی:

لە ساڵی 1954 دا دوو ئامۆزام هەبوون بە ناوی ( قادر مەلا حوتان و رەحمان مەلا حوتان ) كە هەردووكیان ئەو كات لە شاری هەولێرێ، قوتابی قۆناغی دواناوەندی بوون، لە كاتی پشووی هاوینان ئەهاتنەوە شەقلاَوە، دیاربوو لەو سەرو بەندانەدا، قادر پەیوەندی لەگەل حزبی شیوعی عێراقی پەیدا كردبوو، كە ئەهاتەوە شەقلاَوە بەیانەكانی حزبی شیوعی بۆ ئەخوێندمەوە، منیش زۆر ركم لە شیوعییەت ئەبووەوە، چونكە ئاغاو دەرەبەگەكان پرۆپاگەندەی خراپیان بۆ شیوعییەت ئەكرد، ئەیانگووت شیوعییەكان كافرن و دایك و خوشكی

خۆیان ماره ئەکەنەوە؟! منیش به قادرم ئەووت ، تۆ چۆن بەیانی ئەو شیوعییانه ئەخوێنییەوە ؟ ئەی ئەوانە کافر نین؟! ئەبێ وازیان لێبێنی. ئەویش وەڵامی ئەدامەوە ،
قادر تێی گەیاندم کە ئەم قسانه پڕوپاگەندەی ئاغاو میرەکانن، ئەوانە دوژمنی شیوعییەکانن، چونکه شیوعییەکان دڵسۆزترین مرۆڤن بەرگری لە بەرژەوەندی هەژارو دەستکورت و جووتیارو کرێکاران و گشت ماف خوراوەکان ئەکەن.
ئەو حزبه بووه جێی متمانەم و له دڵ و بیرمدا جێگیر بوو، حەزم کرد هەموو توانام بۆ تێکۆشان لە پێناو ئەو بیرو باوەڕه پیرۆزەو بۆ نەهێشتنی هەژاری و چەوسانەوه تەرخان بکەم، هەرچەنده ئەمزانی دوژمنانی شیوعییەت ، چەندین کۆسپ و تەگەره ئەخەنه بەر دەم ئەم باوەڕە، لێ بڕوام هەبوو، کە ئەبێت ئەم کاروانە ڕێی خۆی بگرێت و کاروان تا دوا قۆناغی بەردەام بێت.
له هاوینی ساڵی 1956 دا ( مام قادر )، بۆ دیتنی ئەو سێ هاوڕێیه ( حەمەد زەخۆك، ئەحمەد ساڵح ومن ) هاته شەقڵاوه، بۆ ئەوەی شەرەفی ئەندامیێتی حزبیان بداتێ، له باخچەی ( شاقوڵی ) چاوی بە هەر سێکمان کەوت، کەوتینه قسەکردن و گفتو گۆ، ئەوەبوو (هاوڕێ حەمەد و ئەحمەد ی ) بە باشتر زانی ببنە ئەندام، چونکه هەردووکییان بەتەمەن لەمن گەورەتر بوون، لێ دوای چەند مانگێك هەرسێکمان شەرەفی ئەندامەتیمان پێ درا.
له پالێوراوی بووین بە ئەندام، و هاوڕێ (عەزیز – باوکی شەهید ئازاد سەرسۆر ) ڕێکخراو بوو، بەڵام کە بووین بە ئەندام ڕێکخراو (هاوڕێ مامە – مستەفا قادر خەلیفە) مامۆستای شیوعییەکانی ناوچەی شەقڵاوە،کە بە جوانترین شێوه ڕەوشت و باوەڕی شیوعییەتی بۆ شی ئەکردینەوەو باسی چۆنییەتی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ئێمەو جەماوەری ئەکرد، هانی گیانی یارمەتی هاوکاریکردنی یەکدی ئەدا، له هەموو بارو ڕەوشەکاندا چ له خۆشی وەك ئاهەنگ و شایی و چ لە نەخۆشیەکان و پرسەو سەردانی نەخۆش دا، هەروەها ئامادەبوونمان لە بۆنەو ئاهەنگە نیشتمانی و نەتەوەییەکان وەك نەورۆز و یەکی ئایارو ڕۆژی دامەزراندنی حزب و هتد..،
زۆر جار ئەم بۆنەو ئاهەنگانەمان لە ناوچەی (حاجی بایز ) لە ( شێخ وسو رەحمان ) ئەگێڕان و لەوێ ( هاوڕێ مامە ) سیاسەتی حزبی بۆ روون ئەکردینەوە.
لەو ماوەیەدا ، واته ساڵانی 1957 ، جەماعەتی پارتی دیموکراتی هەبوون، لەو کاتەدا ( قادر حەسەن ئاری ) له شەقڵاوه لێپرسراویان بوو، لە برادەرانی ئەو کاتەی پارتی دیموکراتی کە دیارو بەر چاو بوون، ( قادر حەسەن ئاری و سەردار عەلی و عبدالله عەزیز تریانکەر خەلیل چەکوچ و ئەحمەد زەخۆك و ئسماعیل قادر مەحمود ) بوون، قادر حەسەن زۆر هەوڵی لەگەل دام بمکا بە پارتی، منی پێ باش بوو، لێ چونکه من مامۆستاییەکی بە توانام هەبوو کە ( هاوڕێ مامە ) بوو، فێری بنەماکانی شیوعییەتی ئەکردم، بۆیە کاتێك قادر حەسەن قسەی له گەل ئەکردم من وا وەڵامم ئەدایەوە: من شیوعیم من کرێکارم ، دژی ئاغاو زۆردارم.
کاك قادر ئەیگوت منیش شیوعیم بەڵام شیوعییێکی کوردم، من لە مامۆستاو هاوڕێ مامە فێرببووم بڵێم:

شـيوعييەت كـوردو عـەرەبی نیـە، شـیوعییەت ( ئومەمییەتـە ) نوێنـەری راسـتەقینەی هـەموو مرۆڤێکـی زۆرلێکراوو هەق خوراوە. بەم شێوەیە کاك قادر نەیتوانی بمکا بە پارتی لەسەر ڕێبازی شیوعییەت درێـژەم بـە خـەبات دا ، کـە پـێم وابـوو رێبـازێکی پـیرۆزەو ، شـیوعییەت رێگـەی خۆنەویـستن و قوربـانی دانـە لـە پێنـاو نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیاردا.

* * * * * * *

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1957 دا لەگەل هاوڕێ (حەمەد زەخۆك) چاپخانەی ( عبـدالرحمن حەسـەن )کە بە ( ڤیرۆ ) ناسراوبوو بۆماوەی شەش مانگ بە (12) دینار بە کرێمان گرتەوە.وە لە هاوینی 1958 دا لە گەل ( عەبدی ) لە ( تەم تەمان ) چاپخانەیەکم کردەوە.

لـە ( 14/ 7/ 1958 ) دا ( عەبدولکـەریم قاسـم ) شۆڕشـی کـرد، ئـەو کـات پایخانەکـەی ئێمـە بـووە جێگـەی کۆبوونـەوەی جـەماوەری شـەقلاوە، لـەو رۆژەدا لـە 14/7/ 1958 دا ، بەیـەك رۆژ چـەندین جـار نـاوی چـایخانەکەمانیان گۆڕی، لـە گـازینۆی تـەم تـەم بـووە گـازینۆی ( شعب) پاشـان بـووە ( ئـەحرار ) دوایـی بـووە گازینۆی ( پۆرسەعید ) دوایی چەندین ناوی دیکەشیان لێنان کە بیرم چوونەتەوە.

هەر لەو رۆژەدا، ئێمەی شیوعی و پارتییەکان، کۆبوونەوەیەکمان کـردو پێکـەوە ئاهـەنگی سـەرکەوتنی شۆڕشـی 14 گەلاوێژمان گێڕا.

هـەر لـەو رۆژەدا لـە مـاڵی ئێمـەدا لـە گـەل برادەرانـی پـارتی دیموکراتیکۆبوونەوەیـەکمان گرێـدا.نـاوی ئـەو برادەرانەی لە بیرم ماون ئەمانە بوون : ( خەلیل چەکوچ ، ئسماعیل قادر مـەحمود، ئەحمـەد زەخـۆك، عـەزیز مستەفا مەدا ) لە هاوڕێیانی حزبی شیوعیش ( حەمەد زەخۆك، قادر مەلا حوتان، مستەفا مامە، خدر حەمـەد کچکەل،و من )

هەر ئەو کات و لە ماڵی ( قادر مەلا حوتان ) هاوڕێ ( مامە ) دەسـتی بـە درووشـم نووسـین کـردو، فێریکـردین چۆن درووشمەکان بڵێینەوەو بەرزکەینەوە و چۆن هوتاف لێدەین و بەرگری لە شۆڕشی 14 گەلاوێژ بکەین.

ئـەوەبوو هاتینـە سەرشـەقام و سەرپەرشـتی رێپێوانمـان ئـەکردو هوتاڤمـان لێئـەداو هاوارمـان ئـەکرد بـژی سـەرکردەی شـۆڕش عەبولکـەریم قاسـم، بمـرن دوژمنـانی شـۆرش و بمـرن ئاغـاو دەرەبەگـەکان، بمـرن پیـاوانی ئیمپریالیست، هەروەها کە گەیشتینە بەر دەرگەی سەرای شەقلاوە وێنەی مەلیك فەیسەل و مەلیك حسین کـە لـە شـەقامەکانی شـەقلاوە هەڵواسـرابوون لـەوێ وێنـەکانمان داگـرتن و درانـدمانن.بـەم شـێوەیە بەسـەرکەوتنی شۆڕش ( ئیتحادی هاشمی ) نەماو لەناو چوو.

حزبی شیوعی زۆر بە جـوانی سەرپەرشـتی جەماوەری شـەقلاوەیان ئـەکرد، چایخانەکەی ئێمـە بـووە بارەگـای خەڵك و جەماوەر لە هەموو لایەکەوە روویان ئەکردە چایخانەکەمان، هـەر لـەو رۆژان دا شـەهیدی مێـژوویی و نەمر ( مەحمود حەمەد عەلی ) ناسراو بـە ( مـەحمود کـاوانی ) خـۆی و ژمارەیـەکی زۆری کاوانییـەکان بـەدەم

هوتاف کێشانەوە هاواریان ئەکرد بژی عەبدولکەریم قاسم، بمرن ئاغاو دەرەبەگ، بمرن خوێن مژان،بژی برایەتی کوردو عەرەب تا هەتایە، هاتنە چاپخانەکەمان.
ئێمەش پێشوازییەکی گەرممان لێکردن و نانی نیورۆ میوانی من بوون، ئەو کات دینارێکم نارد بە کەبابییان دا ( 20 ) کەس کەبابی خوارد، چونکە ئەو کات شیشەی کەباب بە ( 20 ) فلس بوو. لە پاش نانخواردن کاك مەحمود گووتی ( کاك حەمەدەمین تۆ چاوت لە ماڵی عوسمانە شل بێت بزانە خەڵکی شەقڵاوە کێ ئەچێتە ماڵیان؟)
منیش بە وردی چاوم لەو ماڵە بوو، خەڵکی شەقڵاوە کەس نەدەچووە ماڵی عوسمانە شل، هەموو خەڵکی بە یەك جار وازیان لێهێنان، تەنیا دوو پیاو نەبن، کە بەردەوام بوون لە سەر هاتووچۆی عوسمانە شل، ئەو دوو پیاوەش هەر لە زەمانی ( میرانی قادر بەگ ) کە باوکی عوسمان بوو، نۆکەری ماڵی میرانی بوون، یەکەمیان ( مەلا شێخە بوو ) و دووەمیشیان ( خالد مدحەت ) بوو. ئەوانە هیچ کاتێك وازیان لە ماڵی میری نەهێنا.
( مەلا شێخە ) سەرکاری ماڵی میری بوو، ئەچوو لە گوندەکانی میری بەرهەم و بەروبوومی کۆئەکردەوە، تا مرد ئەمە کاری بوو.
بەلاّم ( خالد مدحەت ) کە مامۆستابوو، دەرچووی ( دار مەعەلیمی ریفی ) بوو، برایەکی هەبوو بە ناوی ( فەیسەل ) ، ئەو فەیسەلە لە ساڵی 1948 لەسەر شیوعییەت لە قوتابخانە کە لە بەغدا ئەیخوێند دەرکرابوو و گەڕابووەوە بۆ لای براکەی لە شەقڵاوە و پەیوەندی لە گەل حزبی شیوعییەوە هەبوو. رۆژێکیان خالد بەیانێکی حزبی شیوعی بەدەست فەیسەلەوە ئەبینێ ، بانگی ئەکات و ئەڵێت وەرە با بچینە لای میری ناوی هاوڕێکانت بدە میری، تا بتگێڕنەوە قوتابخانە.
فەیسەل بە قسەی براکەی ئەکات و ئەچێتە لای میری و ناوی ئەمانەی خوارەوەی بۆ ئاشکرا ئەکات.:
( قادر سەلیم ، مستەفا مامە، رەشید چەکوچ، محەمەد چەکوچ، ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بە برایمی کەچە لێفێ ، مەحمود حەمید ئاغا، عەبدولرەحیم مەلا ئەحمەد، ئسماعیل مەلا عەولا موفتی، و زۆریدی، لێ من هەر ئەو ناوانەم لەبیرن، ) دوای ئەوە فەیسەلیان گەڕاندەوە قوتابخانە.
دوای ئەوەی ( یوسف قەشە ) لە بەندیخانە دەرچوو، لە گەل هاوڕێ ( تۆما شابەی حانێ)، خالد مدحەت چووە بەخێرهاتنەوەی، دوای چەند رۆژێك ( یوسف قەشە ) سەردانی ماڵی ( خالد مدحەت ) ی کرد، لەم رێیەوە واتە بە هۆی ( یوسف قەشە )وە، خالد خۆی لە شیوعییەکان نزیك کردەوە.
دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم دەستی بەسەر شیوعییەکان داگرت، خالد وازی لە شیوعییەکان هێناو پەیوەندییەکی توندو تۆڵتری لە جاران لە گەل عوسمان میراندا گرێدایەوە.هەروەها یوسف قەشە،دوای چەند رۆژێك لە بەربوونی لە بەندیخانە چوو سەردانی ماڵی عوسمان میرانی کرد، بەو بیانووەی گوایە عوسمان میران لەکاتی بەربوونی لە بەندیخانە هاتۆتە ماڵی، هاوڕێیان رەخنەیەکی توندیان لێگرت بەوەی نابێت سەرکردەیەکی شیوعی بچێتە ماڵی ئەو دەرەبەگ و زۆردارە. چونکە لە پێناو بەرژەوەندی بنەماڵەکەی بە هەزاران مرۆڤی بێتاوانی کوشتووە، یوسف قەشە لەبەرامبەر رەخنە توندەکانی هاوڕێیان تەنیا ئەو وەلاّمەی

پێبوو: میر بۆ بەخێر هاتنەوەم  هاتۆتە ماڵی من، لەبەرئەوە منیش بە پێویستم زانی کەوا منیش بچمەوە لای.
بێگومان کەس بەو وەڵامەی کاك یوسف رازی نەبوو ، چونکە ئەو هیچ حسابی بۆ ئەو هەزارو نەدارانە نەکرد کە بەهەزاران لە شەقڵاوە وە تا کەرکوك پێشوازیان کردو بە هوتاف کێشان دژی ئاغاو دەرەبەگەکان بەخێرهاتنەوەیان کرد، بەڵام دیاربوو کاك یوسف، وایئەزانی تەنیا عوسمان میران پێشوازی کردووە؟! و تەنیا ئەوی لە بەر چاوبوو!
یوسف زۆر بە توندی بەرگری لە میر ئەکرد، وەك ئەوی خۆی بە قەرزاری میر بزانێ ، هەر لەو رۆژاندا، شەوێك بە منی گووت وەرە با بچینە خوارێ ، واتە لە بازاڕی گوندی بچینە بازاڕی خانزاد، من تفەنگێکی ( جابیزارم ) پێبوو، لەگەل کاك یوسف شۆڕمانکردەوە، لە لای ( گازینۆی سەلیم ) دەنگی دار بڕین ئەهات، یوسف گووتی ئەو دارانە هی کێن بەم شەوە ئەیانبڕن؟ گووتم ئەو دارانە هی عوسمان میرانینە.. ئنجا پێی گووتم داوایان لێبکە ئەو دارانە نەبڕن، منیش بە گورجی فیشەکێکم لێخوڕیە بەرو هاوارم کرد ئێوە کین ئەو دارانە ئەبڕن؟ ئەوانیش وەڵامییان دامەوە و گووتیان هاوڕێ حەمەدەمین وەرە لەگەل ئێمە بە، پێم گووتن هاوڕێ یوسف ئەڵێ واز لە بڕینی ئەم دارانە بێنن. ئەوانیش دەس بەجێچ وازیان لیهێنا. ئەوانەی دارەکانییان ئەبڕین ئەمانە بوون : ( مستەفا خدر، حەسەن قادر عومەر بەگ، محەمەد مەحمود پیرەژن،) بۆ ماوەیەکی زۆر دارەکان هەر لە جێگەی خۆیان مانەوە و کەس دەستی لێنەدان.
هەروەها لە ساڵی 1959 دا جەماوەر هێڕشیان کردە سەر ماڵی میری بۆ ئەوەی هەقی گەلیان لێوەرگرن، بەڵام دووبارە یوسف رێگەی نەدا کەوا گەل  تۆڵەی خۆیان بکەنەوە. هەروەها داوای لە چەند هاوڕێیەك کرد کەوا بچن پیاوەکانی ماڵی میری بهێننە بنکەی پۆلیسی شەقڵاوەو هاوڕێیان پاسەوانییان لێبگرن  تا رەوانەی هەولێرییان کردن.

★★★★★★

لە ساڵی 1959 دا حزب بڕیاری دا کەوا چەند هاوڕێیەك بۆ گوندەکانی دەوروبەری شەقڵاوە دەربچن، بۆ روونکردنەوەی سیاسەتی حزب و هاندانی جووتیارەکان لە دژی جووڵانەوەی ( شێخ رەشید لۆلان )
من و هاوڕێ ( ئەبو سیروان – سلێمان شێخ محەمەد ) و ( هاوڕێ یەحیا حەمدی یەحیا رەش ) ، هەر سێکمان لە گۆڕستانی گردی زەیتوون وەسەرکەوتین بۆ گوندی ( قەرا سنج ) ، هاوڕێ حاجی دەبانجەی ( هاوڕێچ تۆما شابەی حانێی ) هێنابوو، منیش تفەنگی ( مەلا حوتانم ) هێنابوو، بەڵام هاوڕێ ( یەحیا ) هیچ چەکی پێنەبوو،
کە چووینە گوندی قەراسنج هەندێ زەلامی لێ بوون کاتێ قسەمان بۆ کردن لێمان رازی نەبوون، چونکە ئەیانگووت شیوعییەکان سەرۆکییان دیانەو ئێوە عایدی مارکس و لینینە و ئەوانیش کافرن.

زۆربەی زۆری گوندەکان وایان پێ ئەگووتین، ئێمە ژمارەی 20 گوند گەڕاین ، لە گوندی قەراسنج تاکو هاتینەوە هیران و نازەنین، بەلاّم لە پێش هاتنەوە بۆ هیران چووینە گوندی (زیارەت ) کاتی نوێژی مەغرب بوو، باوکی سیروان ماڵە ناسیارێکی هەبوو ، ماڵی ( رەشید) یان پێ ئەگووت. ( مام رەشید ) کوڕێکی هەبوو ناوی ( عەبدوللاّ ) بوو، کاتی چاوی بە حاجی کەوت وایزانی ( خەلیلە ) گووتی ( خەلیل .. ئەمڕۆ ئەو دیانە کافرە هاتبووە ئێرە چەند رەسمێکی پێبوو رسمی مارکس و لینین و ئەیگووت ئەوە خواو پێغەمبەرن؟! ئەو دیانە ناوی باسەیە ئەگەر پێمکرابا ئەمکوشت..، ) بەلاّم من پێم گووت تۆ جارێ مزگەوتم نیشان بدە بابچینە نوێژێ. ( عەبدوللاّ ) گووتی بۆ ئێوە نوێژی ئەکەن؟! گووتم بۆ ئێمە ئیسلام نین؟ چۆن نوێژ ناکەین؟ ئینجا هەرسێکمان چووینە نوێژ.

شەو گەڕاینەوە ماڵی ( رەشید باوکی عەبدوللاّ ) لە رێگەدا بە حاجی باوکی سیروانم گووت من قسانیان بۆ ئەکەم، ئەویش بە پەسندی زانی گووتی باشە تۆ قسانیان بۆ بکە، شەو زۆر قسەمان کرد ( 15 ) کەس بەڵێنییان دا ئامادەییان نیشاندا کەوا بێنە شەقلاّوەو بچنە سەر رەشی لۆلان، پاش چەند رۆژێك هاتنە شەقلاّوە، ئەو کاتی لە جیاتی بارەگا مەکتەبمان هەبوو، لەخانی ( مەڕبێن ) ی بووین ، ئەوانەی مە هاتبوون کە چاویان بە هاوڕێ ( تۆما شابە ) کەوت گووتیان ئێوە سەرۆکتان دیانە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێوە کار بکەین. هەر (15) کەس گەڕانەوە زیارەت.

هەر لەو گەڕانەدا کاتێ هاتینەوە شەو لە هیران ماینەوە چووینە ماڵی ( سلێملانی عەلییە فەندی ) ئەو لە هیران مامۆستای سەرەتایی بوو هاونرێی خۆمان بوو،

لە هیران بە پێیان هاتینەوە شەقلاّوە لە رێگەدا لامان دا گەرۆتەی چووینە ماڵی ( مام مستەفا ) کەوا باوکی ( شێخەو مەلا مامەو مەلا قادر ی بوو ، ) ( ژنی مام مستەفا ) لە گەڵ دایکی من ئامۆزابوون، ئەوانیش ئەو کاتی هەڵوێستییان زۆر باش بوو ، بەلاّم نەبوونە شیوعی، بەلاّم چەندی بڵێی لە شیوعییەکان رازی بوون.

★★★★★★★★★

حزب لە ساڵی 1959دا دووبارە چەند هاوڕێیەکی خۆی بۆ ئیش و کاری سەندیکای کرێکاران دەست نیشانکردبوو کە خۆیان هەڵبژێرن، منیش داوام لە هاوڕێ ( عەبدولقادر بەکر ) کرد کە منیش خۆم هەڵبژێرم . ( هاوڕێ عەبدولقادر ) گووتی هاوڕێ حەمەدەمین بۆتۆ رێگە نیە خۆت هەڵبژێری و نابێ بەرهەڵستی ئەو هاوڕێیانە بکەی کە حزب دایناون، بەلاّم من پێم گووت من خۆم هەڵئەبژێرم و باکەس دەنگم نەداتێ، کاتێ ئەو قسەم کرد هاوڕێ ( عەبدولقادر ) توڕە بوو و گووتی هەستە بڕۆ دەرێ ، ئەوە لە حزبیش دەرمکردی !

بە ناچاری لە بارەگای حزب چوومە دەرێ، چوومە گازینۆی ( عەبدوللاّ ئەسعەد ) دەستم بە گریان کرد، بەلاّم پاش ماوەیەك هاوڕێ ( سلێمان حاجی – باوکی سیروان ) هات گووتی هاوڕێ حەمەدەمین تۆ خۆت توڕە مەکە خۆ حزب تەنها هی ( قادر بەکر ) نیە چۆن ئەتوانێ تۆ دەربکات ئەگەر تۆ دەربکات ئێمە لێی رازی نابین،

ئێمە هەمووومان زۆر ناڕازین ئەگەر ( قادر بەکر ) واز لەم کردارانە نەیەنێ لەو ڕۆژانە ئەچمە هەولێرو هاوڕێیان ئاگادار ئەکەمەوە، لەو کاتییەوە من پەیوەندیم بە هەر بە باوکی سیروانەوە بوو ، لە کۆبوونەوەکان لەو شانەی باوکی سیروان بەرپرسی بوو بەردەوام بووم.

★★★★★★★★★★

ڕۆژێکیان پیاوێکی عەرەب کە بۆ هاوین هاتبووە شەقلاوە، لە ماڵی ( حەمید ئاغا ) دانیشتبوو گوایە هێرشی کردۆتە سەر حزبی شیوعی و جوێنی پێداوە، لەبەر ئەوە بە دوای هاوڕێ ( برایم ئەحمەد ) ناسراو بە ( برایمی کەچە لێفێ ) یان نارد، چونکە هاوڕێ ( برایم ) قسەزان و عەرەبی باش ئەزانی، بۆ ئەوەی بزانین بۆچ جوێنێ بە حزب داوە، هاوڕێیان بە منیان گووت تۆش لەگەل هاوڕێ برایم بڕۆ، هەرچ هاوڕێ برایم پێی گووتی بە گوێی بکە ئەگەر گووتی واز لە کابرا بێنە وازی لێبێنە و ئەگەر گووتی لێیدە ، لێیبدە.
کاتێ هاوڕێ برایم بە کابرای گووت بۆچ جوێنی بە حزبی شیوعی داوە؟ کابرای بەغدایی گووتی من بۆچ جوێن بە حزبی شیوعی ئەدەم من هەرگیز جوێن بە حزبی شیوعی نادەم، بەڵام زۆر حەزئەکەم ئەو کەسەم بێتە بەرامبەر کە گووتوویەتی جوێنم داوە، چونکە ئەگەر من ئەو قسەیەم کردبێ ئێوە هەرچیم لێئەکەن بیکەن و هەقی خۆتانە، بەڵام من هەرگیز جوێن بە حزبی شیوعی نادەم ، ئێمەش وازمان لێهێناو گەڕاینەوە بارەگای حزب.
هاوڕێ ( عەبدولقادر ) کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ هاوڕێیان لە بارەگەی حزب گرێدا. هەموو هاوڕێ و دۆستانی حزب تیایدا بەشداربوون ، بەڵام هاوڕێ مستەفا مامەیان لەبەر دەرگەی بارەگا دانا بۆ ئەوەی لێنەگەڕێت کەس بێتە ژوورەوە، کۆبوونەوەکە بە شەو بوو ، لەکاتی کۆبوونەوەکەدا کابرایەك دێت بە هاوڕێ مامە ئەڵێت منیش ئەچمە ژوورێ ، هاوڕێ مامەش پێی ئەڵێت : نابێت بچیتە ژوورەوە چونکە کۆبوونەوەکە پەیوەندی بە تۆوە نیە. کابرا ئەیەوێت بە زۆری بێتە ژوورەوەو لەگەل هاوڕێ مامە بەشەڕدێت ، من زوو چوومە دەرەوە کە دیتم ئەو پیاوە پرکێش ئەکاتە ئەوەی لە هاوڕێ مامە بدات.ز یەکسەر زەللەیەکم خێواندیچ دەس بەجێ بەناو جۆگەم دادا لەدوای من مستەفای زبێدێ هات دارێکی بەدەستەوە بوو ئەگەر لە کابرای بدابا ئەوە ئەیکوشت بەڵام باشبوو لێینەدا..،



★★★★★★★

له ساڵی 1959 به بۆنەی دامەزراندنی سوپای عێراقی له شەشی کانوندا شیوعی و پارتییەکان به هاوبەشی ئاهەنگێکیان بەم بۆنەیەوە له شارۆچکەی هەریر لەسەر قەبرستانی هەریر که له نێوان هەریرو باتاس بوو گێرشا ، لەلایەن حزبی شیوعییەوە هاوڕێ ( نەجمەدین مامۆ ) سەرپەرشتی ئەکرد و لەلای برادەرانی پارتی ( ئیسماعیل سەرهەنگ ) سەرپەرشتیکەر بوو، خواردنێکی زۆر دروست کرابوو.. له پاش نانخواردن دەستکرا به خوێندنەوەی وتاری حزبی شیوعی و پارتی ئینجا شیعر خوێندرانەوەو هوتافات لێدران.. هەردوو لامان گەرم بووین و جۆشمان خواردو هاوارمان ئەکرد.. ( هاوڕێ نەجمەدین) لەبەر چاوی خەڵك هاوری ئەکرد داواتان لێئەکەین بگەڕێنەوە دواوە .. ، بەلاّم بەمنی ئەگووت ئەوەی ئەزانیت بیلّێ ..منیش ئەوەندەی دی جۆشم ئەگرت و گەرم ئەبووم .. هەرچەندە یوسف سلّیوە هاواری ئەکرد بەناوی حزبی شیوعی داواتان لێ ئەکەم کە بگەڕێنەوە دواوە .ز بەلاّم من هیچ گوێم پێنەئەدا چونکە هاوڕێ نەجمەدین پێی گووتم تۆ بەقسەی مکەس مەکە بڕۆ سەر شانۆ و ئەوەی ئەزانی بیلّێ .. منیش چوومە سەر شانۆ و دەستم بە خوێندنەوەی هەندێ پارچە شعر کرد، گووتم کاکی کرێکار و فەلاح دەرسی ئازادیت پێ ئەلّێم بەزار گوێ لێ رابگرە بیهێنە بەکار جووتیار ئەلّێت بەشەو حەسانەوەم نیە بە رۆژ هۆهۆ ئەکەم .. کانی بەری ماندووبوونەکەم؟، ئەمگووت داسی سەپان لەکارە رەنجبەر چەکوچی دیارە ئاغا بۆ بخوا پلاّوو ئێمەش نیمانە نان و ئاو .. ئینجا هاوارم ئەکرد بژی چینی کرێکارو جووتیار بمرن ئاغاو دەرەبەگەکان لەبەر چاوی محەمەدی قادر ئاغاو سەعیدی کوڕی و حەمە تاهیرو ئەوانەی ئاغاو پیاوی ئاغاکان بوون .. بۆیە هاوڕێ نەجمەدین پێی گووتم بڕۆ دووبارە و چەند بارەیان بکەوە، منیش دیسان گەرم ئەبووم .. هەرچەندە هاوڕێییان پێیان گووتم بەناوی حزبی شیوعی داوات لێ ئەکەین بگەڕێوە دواوە ، بەلاّم من گوێم نادا قسەی کەس تەنیا قسەی هاوڕێ نەجمەدین نەبێت کە ئەویش بە دزی هانی ئەدام و ئەیگووت ئەوەی ئەیزانی بلّێ ئەگەر نا هەمووی دووبارەو چەند بارە بکەوە تاکو کۆتایی بە ئاهەنگەکە هات من هەر لەسەر شانۆ بووم.. کوڕێکی دیکەش کە هەریری بوو ناوی عوسمان بوو ئەویش لە سەر شانۆ بوو و بە ناوی پارتی هوتافی لێئەدان هەر ئەیگووت بژی بارزانی و بژی کوردستان بەلاّم من هەموو هوتافەکانم بەناوی کرێکارو جووتیاران بوون بەناوی حزبی شیوعی کە نوێنەری راستەقینەی کرێکارو جووتیارە هەقخوراوەکانە بەلاّم عوسمان هەر ئەیگووت بژی کوردو کوردستان لەبەر ئەوە خەڵکی ئەوەندە گوێیان لێنەئەگرت، بەلاّم هوتافەکانی من هەموو جار هاواریان ئەکرد : دووبارە .. دووبارە ، چونکە هەمووی دژی ئاغاو دەرەبەگەکان بوو دژی زۆرداران بوو بەرگری لە هەژاران و هەقخوراوان ئەکرد بۆیە هەر هاواریان ئەکرد بیلّێوە بیلّێوە لەبەر ئەوە منیش ئەوەندەی توانام هەبوایە ئەمگووتنەوە.

کە ئاهەنگ تەواو بوو و هاتینەوە شەقلاّوە، هاوڕێیان رەخنەیان لێگرتم گووتیان هاوڕێ حەمەدەمین بەقسەی کەسی نەکردو لەسەر شانۆ دانەبەزی هەرچەندە هاوڕێ نەجمەدینیش پێی گووت گووێی لەویش رانەگرت و هەر بەکەیفی خۆی کرد، چونکە ئەوان نەیانئەزانی کەوا هاوڕێ نەجمەدین بەمنی گووتووە .منیش بەوانم نەگووت کەوا ئەو پێی گووتووم هەرچی ئەزانم بیلّێم ...،

★★★★★★★★★★★

کاتێ عەبدولکەریم قاسم هەڵگەڕایەوەو دووبارە دەرەبەگ و کۆنەپەرستان دەوری خۆیان گێڕا، لە شەقلاوەش دەست کرا بە گرتنی شیوعی و دیموکراتەکان و ( حاجی ناسر ) لە رۆژی ( 1961/2/5 ) بەدەستی دەرەبەگەکەکانی ناوچەی شەقلاوە کوژرا. بۆیە حزبمان هەڵسا بە کۆکردنەوەی ئیمزاو ناردنی وەفدێك بۆ بەغدا ، لە شەقلاوە چەندین ئیمزامان کۆکردەوە، ( من و هاوڕێ ئەحمەد ساڵح حاجی وسو) لەسەر یاداشتەکە ئیمزامان کرد، و لەبەر شارەزانیی و ناسینی بەغدا مامۆستا ( ئیسماعیل مەلا محەمەد ) لەگەڵمان ناردرا بەغدا ، چونکە مامۆستا ئەوکات لە بەغدا ئەیخوێند، ئینجا هەرسیێکمان چووین یاداشتنامەکەمان بردە رۆژنامەکان ( صوت الشعب و ئەحرارو اتحاد شعب ) و وەزارەتی دیفاع و بۆ لای عەبدولکەریم قاسم، کە بریندار بوو، بۆیە چاومان پێی نەکەوت، لەبەر برینداریيەکەی خەڵکی نەئەدیت، بەڵام جلەکانی کە بە خوێن بوون دانابوون بۆ ئەوەی خەڵك بیانبینێ ئێمەش یاداشتەکەمان دانێ گووتیان ئەوە جلەکانی زەعیم هەمووی خوێنەو لەویشیان داوە، ئەبێ دڵتان فراوان بکەن.
من و هاوڕێ ئەحمەد گەڕاینەوە شەقلاوە، فەرمانی گرتنی هەردووکمان دەرچوو، بەڵام خۆمان نەدایە دەست و هەر لەناو شەقلاوە خۆمان شاردەوە.

********

لەساڵی 1960 دا ئەندامێکی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی بەناوی ( داود ساغ ) هەستا بەکەرتکردنی حزبی شیوعی و مۆڵەتی رەسمی پێدرا کە ئاشکرا ئیش بکات، بەڵام مۆڵەتییان بە حزبی شیوعی نەدا بە ئاشکرا ئیش بکات، بۆیە هەموو بارەگاکانی داخران، لەشەقلاوە پیاوێك هەبوو بە ناوی ( فوئاد پەری خان ) فەرمانبەر بوو لە شەقلاوە ، چووە کول داود ساغ هەروەها ( قادر سەلیم و مەحمود حەمید لەگەل چەند کەسی دی ) ژمارەیەکی کەم لەگەل ئەوان ئیشیان کحرد، هەروەها حزبیش لە لای خۆی چەند هاوڕێیەکی نارد ئیشیان لەگەل بکەن، وەك ( حوسێن بەکر تریانکەر و یەحیا حەمەد و مستەفا مەلا ئیسماعیل ) ئەوانە بەقسەی حزب چووبوون، بەڵام من زۆر بەر بەرەکانی ئەوانم ئەکرد ، تا من و مەحمود حەمید بەشەر هاتین، بەڵام لە یەکدیمان نەدا و شەڕەکەمان هەر بەقسە بوو، لەو کاتی ئاهەنگی یەکی ئایارمان لە چاپخانەی ( عەبدوللا ئەسعەد ) ئەگێڕا ، چونکە بارەگای شەبیبە بوو، هەروەها ( خەلیل بەگ ) برای ( ئەسعەد بەگ ) ئەندامی لێژنەی قەزای حزبی شیوعی عێراق بوو لەبەرئەوە بانگی منی کردو گووتی وەرە ئەو شەدەیەم بۆلەسەری ببەستە چونکە ئەو کات نابوو پیاوی کاسب سەری کۆت بێت، بەڵام مامۆستا خەلیل بەگ مەبەستی ئامۆژگاری من بوو، پێی گووتم ژۆن ئەبێ شیوعی شەڕ بکەن تۆ شیوعی چۆن لەگەل مەحمود حەمید شەڕ ئەکەیت؟ حزب مەحمودی دەرکردووە زۆر لەو ئامۆژگاریانەی کردم، بەڵام مەحمود لای شورتە شکایەتی کردبوو ، پاش ماوەیەك من و مەحمود بانگ کراین، لەبەردەم حاکمدا ئێمە ئاشتبووینەوە

**دەستمان لە دەستی یەکدی نا، حاکم ئیزنی داین ، بەلاّم دواییش قسەمان لەگەل یەکدی نـەکرد چـونکە بـە دلّ لەگەل یەکدی پێك نەهاتینەوە.**

★★★★★★★★★★★★★

له ساڵی 1962 یەکێتی سۆڤییەتی بنکەی ساروخی لە کوبا کێشایەوە لەبەر ئەوە حزبی شیوعی عێراق بە پەسندی زانی ئینجا لە هەموو عێراق هەستا بە کۆکردنەوەی ئیمزا ، ئێمەش لە شەقلاوە دەستمان بە کۆکۆدنەوەی ئیزا کرد .. من ژمارەیەکی زۆری ئیمزام کۆکردنەوە بەلاّم بە نهێنی ، ئەو کات حکومەتی عەبدولکەریم قاسم بوو رێگەی نەئەدا بەئاشکرا ئیمزا کۆبکەینەوە لەبەر ئەوە حزب داوای لە هاوڕێیان کرد بە نهێنی ئیمزا کۆبکەنەوە دواجار ئیمزام بە ( حوسێن بەکرو عائیشەی خێزانی خێزانی مستەفا مەلا سمایل ) کرد کاتی ئێوارە بوو پۆلیسی ئەمن و پۆلیسی ناوەخۆ لە پێش مەرکەزی شەقلاّوە منیان گرت و بردمیانە مەرکەز، پێش ئەوەی بمبەنە لای ئەفسەری مەرکەز من چوومە ئاودەست ئەو کاتی پۆلیسێك بانگی پاسەوانەکەی کرد و گووتی ئاگاداربە ئەوەی دەمانجەی پێیە ئەیەوێت فرێی بدات پۆلیسەکەش لە پشتەوە پشتبێندی راکێشام و گووتی وەرە نەچیە ئاودەست .. بەرك و باغەڵی پشکنیم و هیچی نەدۆزییەوە تەنها یاداشتەکەی دیتەوە گووتی ئەوە چییە؟ منیش گووتم ئەوە من بێ ئیشم یاداشتێگکم داوە بە حکومەت ئیشەکم بداتێ ، ئەو کاتی بردییە لای ئەفسەرەکەو تەماشای یاداشتەکەی کرد پێکەنی و گووتی : داوای ئیش لە یەکێتی سۆڤییەتی ئەکات؟! دەسبەجێچ یاداشتەکەی دڕاندو فڕێیدا بە پۆلیسەکەی گووت بیبەو دە ژووریی کە ، ئنجا منیان بردو دە ژوورێیان کردم ، بۆ بەیانی زوو بە تەنیا دوو سەیارەی مسەلەحەی پڕ لە پۆلیس منیان سوار کردو دەستییبان کەلەپچە کردم ت هەولێر لە هیچ جێگەیەك نەوەستان لە هەولێریش لە 1962/11/17 د\ووبارەیە دەستییان کەلەپچە کردمەوە .. بەلاّم ئەمجارەیان کەلەپچەکە زنجیرێکی درێژی پێوەبوو ..، سواری سەیارەیان کردم و تا وێستگەی شەمەندەفەر، لەوێ دایانبەزاندم سواری شەمەندەفەرییان کردم پۆلیسیێکم لەگەل بوو ناوی ئەبو زەید بوو بەکوردی قسەی لەگەل کردم گووتی جارێ روبعە دینارێکم ئەدەیێ یان تا بەغدا لە شەمەندەفەر گرێتدەم ..؟ ئەو کاتیش حزب قەدەغەی کردبوو هیچ هاوڕێیەك بەرتیل نەدات منیش پێم گووت هیچ منەتت نەبێ یەك فلست نادەمێ ، بۆیە لە هەولێر تا بەغدا لە شەمەندەفەری گرێدام، بەیانی زوو گەیشتینە بەغدا گووتی خواردنم بۆ بکڕە.. پێم گووت باش بزانە یەك فلس چییە لێت سەرف ناکەم ، ئنجا بردمییە ( مەوقوف سەرای ) بەغدا ، لەوێ بەجێیهێشتم، هەژدە رۆژان لەو مەوقوف سەرایی مامەوە، دوای هەژدە رۆژ جەماعەتی شەقلاّوەیان لە نوگرە سەلمانەوە هێنان، کەسەکانیش ئەمانە بوون:

1- رەشید کاوانی.
2- ئەحمەد عەولا خەنجەر.
3- عەزیز قادر خومار.
4- حەنا پۆلس.

هەروەها دوو کەسی هەلەبجەشیان لەگەل بوون. یەکیان ناوی حاجی عومەر بوو ، ئەویدیکەیان ناوی حەمەدەمین بوو، هەروەها دووی تر خەڵکی سلیتمانی بوون یەکیان ناوی تەها بابان بوو پارێزەر بوو، ئەوەیدی ناوی ئەحمەد بوو مفەوەزی پۆلیس بوو بەلاّم بەداخەوە ناوی باوکیانم لەبیر چووە، بەلاّم ئەوانە هەموویان پارتی بوون تەنها رەشید کاوانی و حەنا پۆلس ئەوان شیوعی بوون، هەروەها جەماعەتی بەسراشیان زۆر لەگەل

بوون وەك عەبدوللاَ رەشید و عەبدولوەهاب تاهیرو سامی ئەحمەدو هەندێکی دی کە ناوەکانم بیر چوونەتەوە، بەسراییەکان هەموویان شیوعی بوون منیشیان لەگەل ئەوان رەوانەی نوگرە سەلمان کرد تاکو مانگی دوانزەی 1962 دووبارە منیان هێناوە بەغدا بۆ هەیئەی تەحقیقی عولیا ، پێیان گووتم تۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسمت خۆشئەوێ ؟ منیش گووتم بەڵێ عەبدولکەریمم زۆر خۆشئەوێ . گووتیان وەرە جوون بە مەلا مستەفا بدە، پێم گووتن ئێمە کوردەکان قەت جووێن بە کەس نادەین چونکە جووێندان لای ئێمە زۆر عەیبە ئەگەر خۆی لەوێ نەبێت جوێنی پێبدرێت لەبەر ئەوە جوێن بەکەس نادەین، پێیان گووتم ئەوە قسەی شیوعییەکانە، منیش پێم گووتن من عارەبی نزانم شیوعییەتی چۆن ئەزانم؟! نزانم شیوعییەت چییە و ، پیاوێك لەوێچ بوو قسەی بۆ کوردەکان تەرجەمە ئەکرد ..، قسەکانی منی تەرجەمە ئەکرد دوای ئەوە منیان بردەوە مەوقوف سەرای ، بۆ رۆژی دواتر لەگەل دوو هاورێی تر منیان گێراندەوە نوگرە سەلمان، هاورێیەکیان ناوی محەمەد غەزبان بوو عەرەب بوو ئەویدیکەیان ناوی حەمەدەمین مەعروف بوو پارێزەر بوو خەڵکی کەرکوك بوو، کە گەیشتینەوە نوگرە سەلمان ئێمەیان بردەوە بۆ قاوشی شەش هاورێیانی لەوێ بوون زۆر بە دڵفراوانی پێشوازییان لێکردین و بەخێرهاتنیان لێکردین، بۆ رۆژی پاشتر هاورێ حەمزە سەلمان و هاورێ مەهدی حەمید هاتنە لام گووتیان هاورێ حەمەدەمین خەڵکی کێندەرێی؟گووتم شەقلاوە..، گووتیان ئەی چۆنیان گرتی ، گووتم لەسەر ئیمزا کۆکردنەوە بۆ پشتگیریکردنی یەکێتی سۆڤییەت کەوا بنکەی ساروخی لە کوبا هەڵگرت حزب بە پەسندی زانی ، پرسیارییان کرد ئەی ژنت هێناوە گووتم نەخێر هێشتا ژنم نەهێناوە . پرسیاریان کرد ئەی ئیشی چیت ئەکرد گووتم کاری کرێکاریم ئەکرد ، چایخانەم هەبوو.. ئەو قسانە هەمووی هاورێ مەهدی حەمید ئەیپرسی ، بەلاَم هاورێ حەمزەش لەگەلی بوو لەو قسانەی هەندێکی بۆ هاورێ حەمزە تەرجەمە ئەکرد، چونکە چونکە من هیچ عارەبیم نازانی ، لە کۆتاییدا گووتتیان باشە ئەگەر حەزبکەی عەسران چامان بۆ لێبنێی ..، گووتم ئامادەم هەموو کارێك بکەم.گووتیان دەباشە بزانین چات خۆشە ؟ ئنجا هەموو ئێواران لەنێوان قاوشی شەش و حەوت چام لێئەنا تا کودەتای فاشیی هەشتی شوبات کرا..، من کارم چای دروستکردن بوو بۆ ئەوان بەلاَم کە کودەتاکە بەسەر حکومەتی عەبدولکەریم سەرکەوت ئێمەش وەزعمان تێکچوو..، چونکە چەند هاورێکیان بردن و کوشتنیان. لەو کاتەدا هاورێ حەمزە سەلمان خولێکی فراوانی کردبووەو بۆ هاورێیان و گشت بەندییەکان ، ئەوەی حەزی لێبوو ئەیتوانی بەشداری بکات ، خولەکە بابەتی ئابووری و رامیاری تێدابوو ژمارەیەکی بەشدارییان لە خولەکە کرد لەوانە حەبیب محەمەد کەریم و مەولود عەزیز و خالید دلێر ئەوانە پارتی بوون . هەروەها دوو زەلامی عەرەب بەناوی خالید و ئایاد ئەوانە قەومی بوون ئەوانیش ئامادەی خولەکە بوون، هاورێ حەمزە سەلمان لە خالیدە ئایادی پرسی باشە ئەگەر ئێوە دەستان بەسەر حکومەتی قاسم گرت هەڵوێستان بەرامبەر شیوعییەکان چی ئەبێت.؟ لەوەلاَمدا گووتیان ئەگەر بەرگری لە حکومەتی قاسم بکەن ئەوە هەموانتان ئەکوژین ئەکەریش بەرگری لێنەکەن لە سەدا پەنچاتان ئەکوژین..؟!! ئەوە وەلاَمی ئەو سەرکردە عەرەبانە بوو ئەوە پێش کودەتای هەشتی شوبات بوو لە مانگی دوانزەی 1962 بوو هاورێ حەمزە سەلمان ئەو پرسیارەی لەوان کرد، دوای کودەتا لە رۆژی 1962/2/12 بەیانی زوو هاورێ حەمزە سەلمانیان برد، هاورێ مەهدی حەمیدشیان لە

1962/2/14 سعات دوانزەی نیوەڕۆ بوو برد.. هاوڕێ مەهدی پیاوانە یەکەی یەکە هەمووی ماچکردن و گووتی هاوڕێیان ئێوە هەر یەکە هی ناوچەیەکن لەعێراقدا هەندەکتان خەڵکی بەسراو هەندەکتان خەڵکی کوردستانن داوام ئەوەیە سلاْوم بگەیەنە هەموو هاوڕێیان و دڵسۆزانی گەل و نیشتمان و ئنجا بەڵێن بێت منیش ئەو ئەماناتانەی حزب و نهێنییەکانی تەسلیمی دوژمنی نەکەم پێیان ئەڵێم من شیوعیم ئێوەش فاشین ئەوجا ئەوەی لەدەستان دێت بیکەن هیچ درێغە مەکەن چونکە ئێوە نۆکەرن دوژمنی گەل و نیشتمانن دوا رۆژتان شەرمەزاری و رووڕەشییە، ئنجا بانگی برا گچکەی خۆی کرد کوا ناوی زوهدی حەمید بوو گووتی بە باوکی دڵسۆزم بڵێ رۆڵەی ئەوم و پەروەردەی وەفادارم دروشمی شیوعییەتم زۆر لا بەرزو پیرۆزە ئنجا ئەوەش دوا قسەی بوو گووتی شیرینە بەلاْم مردن لە پێناوی ژیاندا گەلێك شیرینترە..!

ئێمە هەموومان گریاین و لەسەر چاو کەوتین....

لەکاتی کودەتا کردندا ژمارەی گیراوانی نوگرە سەلمان ئەگەیشتە ( 500 ) کەس بە پارتی و شیوعییەوە ، تەنیا ئەو دووکەسە خالیدو ئەیاد لە سەرکردە قەومییەکان بوون. هێشتا بە تەواوی کودەتاکە سەرنەکەوتبوو هەردووکیان بردنە دەرێ، هاوڕێ حەمزە سەلمان ناوی ئەو سەرکردانەی ئەنووسی کەوا بە کودەتای بەغدا هەڵستابوون لەبەر ئەوە بانگی هاوڕێ مەهدی کرد گووتی هەر ئێستا حزب سەرئەکەوێ خۆت ئامادەبکە دەرباز ئەبین و ئەرکەکانی خۆت ببینە..، تا کاتژمێر 12 ی نیوەڕۆ چاوەڕێی کرد ...، کە زانی کودەتای فاشییەکان سەرکەوت ناوەکانی هەموو دڕاندن زۆر عادز بوو هیچ قسەی پێنەکرا تەنیا لەگەل هاوڕێ مەهدی نەبێت کە هەندێ شتی پێگووت وادیار بوو نهێنی بوون نەمزانی چی پێگووت...،

بۆ بەیانی پارتییەکانیش دەرچوون ، ئێمەی شیوعییەکانیش کە ژمارەمان 50- 60 کەس ئەبوو ماینەوە .، دوایی ئێمەیان بردە بەندیخانەی کۆنم کە کاتی خۆی هاوڕێ فەهد و هاوڕێکانی تێدا گیرابوون، بەلاْم پاش ماوەیەك ئێمەیان گەڕاندەوە جێگەی پێشوومان ، خەڵکێکی زۆر زۆریان تێکردبوو نوگرە سەلمان وایلێهاتبوو بە سانتی مەتر جێگە دابەش بکرێت، بە تایبەتی لە رۆژی 3 ی تەمموزی 1963 کە لە بەندیخانەی رەشید هەشت سەد ئەفسەریان بە شەمەندەفەر هێنان، لەناو ئەو هەشت سەد نەفەرە تەنیا دوو کەس مەدەنی بوون ئەویش یەکیان عەبدولقادر ئیسماعیل بوو ئەوەی دیکەیان عەزیز شێخ بوو هەردووکیان ئەندامی لێژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی بوون ئەوانەی تر هەموویان ئەفسەری دەرەجەدار بوون لە ملازمەوە تاکو لیوا روکن ، هەمووشیان بە جلی ئەفسەری هێنابوون پاشان جلەکانیان لێوەرگرتنەوە ، بەندیخانەی نەگرە سەلمان (10) قاوشی تێدابوو هەر قاوشی جێی سەد کەسی تێدا ئەبووەوە بەلاْم ئێمە هەر قاوشی (180) کەسی تێکرابوو، ئێمە ژمارەمان گەیشتە (1800 )کەس جگە لە بەندیخانەی کۆن کە ئەوانیش ژمارەیان (200 ) کەس ئەبوون. بەلاْم پەیوەندیمان بەیەکەوە نەبوو چونکە دیوارێکی درێژی سەرانسەری لە نێوان ئێمەدا دروستکرابوو هەروەها ئێمە ئەو (10) قاوشەش نەمانئەتوانی قسە لەگەل یەك بکەین، چونکە شەوو رۆژ دەرگەمان لەسەر داخراوبوو ، بۆ کاری سەر ئاویش هەر قاوشی دوو کاتژمێر دەرگەیان لێئەکردنەوە ئەوەی دواش کەوتبا ئەوەی حەرەس قەومییەکان کاروانییان پێئەکرد ...، کاروان ئەوەبوو ئەو حەرەس قەومییانە لەسەر رێگەی ئاودەست و قاوش

دابـەش ئـەكران هـەر یەكـەیان پارچـە سـۆندەیەكی بـە دەسـتەوە بـوو ، ئـەوەی دواكـەوتبا ئـەوە هـەر حـەرەس قەومییەكەو لە راستەخۆ لێیئەدا تا ئەیگەیاندا ئەویدی ، رۆژێكییان هاورێ ( جەوهەر سەدیق شاوێس ) دواكـەوت ، حەرەس قەومییەكان گووتیـان ئـەبێت كـاروان بكـەی ، بـەلاَم هـاورێ جەوهـەر شـێرانە پێـی گـووتن ئامـادەم بـۆ گولەبارانكردن بەلاَم من كاروان ناكەم ئەوەی لەدەستان دێت بیكەن ئنجا لـە پـێش دەرگـەی قاوشـی ژمـارە شـەش زۆر ئازاریان دا ، بەلاَم كاروانی هەر نەكرد.،، حەرەس قەومییەكان زۆر داخ لەدڵ بوون هێرشییان بۆ سەر قاوشـی شەش هێنا.،، هاتنە ژووریٍ و ئاویان بە هاورێیان داكرد .. دوایی بە خۆیان شوشەكانی پەنجەرەكانیان شكاندن بـە ئێمەیان گووت ئێوە شكاندووتانە ..كامتان شووشەی ئەو پەنجەرانـەتان شـكاند..؟ نائیـب زابـت فـازل كـەریم پێـی گووتن ئەوەی لەگەل تۆ بوو ئەو شـكاندی.. لەبـەر ئـەوە لـە ناوەنـدی قاوشـەكە دەسـتیان بـە لێـدانی فـازل كـرد.،، هاورێ جەمیل بەسرایی لە كاتی كودەتادا خۆپیشاندانی نارەزایی لە بەسرا كردبوو ، لەو خۆپیشاندانەدا برینـدار ببوو و لاقێكیان بڕیبوەوە ، لە جیاتی لاقەكەی دارێكیان اە نەخۆشخانە دابوێ، ئنجا لەو دەمەدا كـە لـە فازلیـان دا حـەنا پـۆلس كـە خـەڵكی شـەقلاَوە بـوو دەسـتی كـردە دارەكـەی هـاورێ جـەمیل و لـە حـەرەس قەومییەكـەی دا حەرەسـەكە ترسـاو دەمانـچەیەكی لەدەسـت بـوو دوو گووللـەی لەدەسـت دەرچـوون، فـازل لـە پەنـچەرەكە چـووە دەرەوەی قاوش.،، حەرەس قەومییەكان چەند هاورێیەكیان بردن لەوانە فازل و محەمەد عەزۆو دەرویـش كـەریم من تەنیا ئەوانەم لەبیرن .،، باش بوو ماوەی ماوەیەكی زۆری نەكێشا لەناوچوون ئێمـەش رەوشمـان چاكتر لێهات لە 1964 دەرگەی نێوان ئێمەو بەندیخانەی كۆن كرایەوە بەندیخانەكە هەمووی بووە یـەك رێگـەمان درا هـەموو جۆرە یارییەك بكەین خولی خوێنـدن و نووسـین بـە هـەموو زمانێـك كرانـەوە وەك زانكـۆی لێهاتبوو لـە هـەموو قاوشەكان دەنگوباس بە كوردی و عـەرەبی ئەخوێندرانـەوە بـە كـوردی هـاورێ جـەلال محەمـەد شـەریف خـەڵكی كەركوك بوو بەعەرەبیش محەمەد عەزۆ خەڵكی زاخـۆ بـوو هـەروەها مورتـەزا محەمـەد عـەلی خـەڵكی بەسرابوو جاربەجار ئەویش ئەیخوێندەوە هەروەها یاسین حەمەدەمین خەیلانی خەڵكی مەخمور بوو ئەویش جـار بـەجار ئەیخوێندەوە .،، ئەوانە لە قاوشی شەش بوون رۆژنامەی ناو بەندیخانە رۆژانە دەرئەچوو.

كۆگەی گەورەمان هەبوون هەموو شتی تێدابوو لـە خـواردن و جل و بـەرگ و هـەموو پێداویـستییەكانی دی ئـەو شت و پێویستییانە دابەشی سەر قاوشـەكان ئـەكران ئـەوانیش دابەشـی سـەر هاورێیانیـان ئەكردئـەوەی جگـەرەی كێشابا رۆژی 10 جگەرەیان ئەدایێ هەفتـەی (200) فلسیان ئـەداینێ ، هـەر پێـنج هـاورێ پێكـەوە دائەنیـشتن و نانیـان ئـەخوارد.. لـەو پێنجانـە هاورێیـەك سـفرەی پـاك ئـەكردەوە .،، دوای ماوەیـەك بڕیارمانـدا كـەوا هـەموو هاورێیانی قاوش لەسەر یـەك سـفرە دانیـشین و پێكـەوە نـان بخۆین.. دوو هـاورێ ئەبوونـە خەفـەر ئـەوان نـان و ئاوییـان لەسـەر سـفرە دابـەش ئـەكرد تـاكو هاورێیـان تـەواو ئـەبوون ئنجـا ئـەوان نانیـان ئـەخوارد ، هـەموو هاورێیانیش خەفەرەتیان ئەكرد كەس نەبوو نەیگرێت .،،تـەنیا سێ هـاورێ نـەبن كـە ئەمانـە بـوون 1- مەهـدی حاجی حەسون كـە تەمـەنی زۆر گـەورە بـوو، 2- هـاورێ جـەمیل كـە لاقـی بڕابـۆوە. 3-هـاورێ خەلـەف بـەدەوی ئەویش بەسراوی بوو و وەك هاورێ جەمیل لاقێكیان بڕیبـوەوە . لـە نێـو (180) كـەس تـەنیا ئـەم سێ هاورێیـە عـەفووكرابوون و خـەفارەتیان نەئـەگرت.،، هـەمووومان یـەك جـۆر جـل و بـەرگمان هـەبوو ئـەو هاورێیانـەی

دەستکورت بوون شەش مانگ جارێك دەستەیەك کراس و بێجامەیان ئەدانێ کە دەرئەچوون دینارو نیوێکیان ئەدانێ جا چ چووبانە مەحکەمە یان بەندیخانەیەکی دیکە، هیچ جۆرە جیاوازییەك لە نێوان هاوڕێیاندا نەبوو هەمووومان وەکو یەك تەماشا ئەکراین هەرچەندە هاوڕێی سەرکردەشمان لە ناو بوون و لە ساڵی 1962 تا 1967 ەوە من لەگەلیان بووم لە نوگرە سەلمان لەوانە :



1- حەمزە سەلمان.
2- مەهدی حەمید.
3- عەبدولوەهاب تاهیر.
4- سەلیم ئیسماعیل.
5- سامی ئەحمەد.
6- شاکر مەحمود.
7- حوسێن سولتان.
8- کازم فەرهود.
9- سادق جەعفەر فەلاحی.
10-ئەحمەد غەفور بابان.
11-عەبدولقادر ئیسماعیل.
12-عەزیز شێخ.
13-عەبدوللرەحمان مەنسوور.
14-عادل سەلیم.

من هەر ئەو ناوانەم لەبیرن لە هاوڕێیانی سەرکردە کە ئەوانە لە ناو بەندیخانەدا بە کاروبارەکانی هاوڕێیان هەڵئەستان، هەندێ هاوڕێ تایبەت بوون بە بردنی نامەو یاداشت و هەموو داخوازییەکانی دیکەی هاوڕێیان بۆ ئیدارە کە ئەمانە بوون : 1- محەمەد عەزۆ. 2- هانی عەبدولەجید، ناسراوبوو بە هانی هەپۆنە.3- سامی ئەحمەد ناسراوبوو بە ئەبو ئەمیز4- عەباس بەغدادی.5- سەعید تەقی .

لە ساڵی 1964 دا کاتی خرۆشۆفیان لەسەر لادا ، بەڕێوەیەری بەندیخانە بە هاوڕێ سامی ئەحمەد ئەڵێت : پیرۆزباییتان لێئەکەم؟!

هاوڕێ سامیش لە وەڵامی بەڕێوەبەردا ئەڵێت ئێمە حزبێکی سەربەخۆین چ پەیوەندیمان بە خرۆشۆفەوە هەیە؟!..،

بەڕێوەبەری بەندیخانە پێی ئەڵێت من مەبەستم لە پیرۆزباییەکە ئەوەیە کە ئێوە یارمەتی ( ملازم سەلاح ئەحمەد مەجید ) تان دابوو تا لە بەندیخانە رابکات، بەلام نەیتوانی دەربچێت .. جەنازەکەیان بۆ ئێرە هێناوەتەوە!!

( سەلاح ئەحمەد ) ئەمری ئیعدامی درابوو ئەیزانی رۆژی مەحکەمە هیچ ماوەی نادەن و ئیعدامی ئەکەن..، بۆیە داوای لە هاوڕێیان کرد کەوا یارمەتی بدەن بەڵکو بتوانێت رابکات و رزگاری بێت، ئەو کات رۆژانە هەموو ئێواران نزیکەی (16) هاوڕێ ئەچوون ئاو بێنن، ئاویان لە بیر ئەهێنا ..، بیرەکەش نزیکەی دووسەد مەتر لە دەرەوەی بەندیخانە بوو ، بەلام هەموو جار دوو پۆلیس چاودێری بەندییەکانیان ئەکرد لە کاتی ئاوهێناندا، پۆلیسەکان لە سەرئەو کەپرە دائەنیشتن کە لەسەر بیرەکە دروستکرابوو..، ئەوجارەی کە هاوڕێ سەلاح ئەچێت پۆلیسەکان لەوێ نین..، یەك دوو هاوڕێ بەرچاوی پۆلیسەکان ئەگرن و هاوڕێ سەلاح ئەچێتە ناو بیرەکە تاکو شەو دادێت..، بەشەو لە بیرەکە دێتە دەرێ و بەرەو سەماوە ئەڕوات ، بەلام بەداخەوە تووشی نەخۆشی گەرچیلکە ئەبێت و لەو چۆڵ و بیابانە گیانی پاکی ئەچێتە رێزی شەهیدانی حزب و هەزاران سلاو لە گیانی پاکی هەمیشە زیندووی، دوای ئەوە وەلامیان بۆ دایکی نارد کەوا کوڕەکەی سەربەرز شەهیدی رێگەیەکی پیرۆزە.. کە دایکی گەیشتە نوگرە سەلمان ئێمە گشت بەندییەکان بە گریانەوە پێشوازیمان لێکرد..، بەلام ئەو زۆر ئازایانەو خاوەن هەڵوێستانە بە ئێمەی گووت : ئێوە بۆمن هەموو سەلاحن .. حزبەکەی سەلاح حزبی شەهید و خۆبەختکەرانە لە پێناو نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیاردا..! ئنجا تەرمە پیرۆزەکەی بردەوە موسڵ. بە داخەوە ناوی ئەو دایکەم نەزانی کە بەراستی ئەو بوو دایکی شیوعی ورە بەرز نەمزانی ئەو ژنە پاڵەوانە لە چ بنەماڵەیەکە هەندە ئازاو نەترس وەك تانیا و وەك جەمیلەی جەزائیری..،

سێ هاوڕێی زێدە خۆشەویست لە بەندیخانەدا هەبوون یەکەمیان ناوی یەحیا قاف بوو مامۆستای یەکەمی موسڵ بوو واتە لە پێش ئەو مامۆستا لە موسڵ نەبوون ، لە ساڵی 1963 تەمەنی نێزیکی ( 100) ساڵ ئەبوو، روو بە روو بە حەرەس قەومییەکانی ئەگووت ئێوە رووڕەشن ، ئێوە نۆکەری ئیستعمارن دوژمنی گەل و نیشتمانن چۆن لەدەست گەل دەرئەچن، ئینجا ئێمە بەندییەکان هەموومان ئەمانگووت ئافەرین یەحیا قاف یحکی بدون خاف؟!

هاوڕێی دووەمم دکتۆر رافید سوبحی ئەدیت بوو، عەقیدی عەسکەری بوو خۆشەویستی هەموان بەندییەکانی نوگرە سەلمان بوو،

ئەوەی سێیەم ناوی ( ئیبراهیم جبوری ) بوو زەعیمی عەسکەری بوو ، بەلام پێیان ئەگووت خاڵ ئەویش زۆر خۆشەویست بوو چونکە مرۆڤێکی کۆمەلایەتی بوو، لەناو بەندیخانە سەردانی هەموو هاوڕێیانی ئەکرد ورە بەرزو دڵفراوان بوو هەردەم دەمی بە پێکەنین بوو، لەبەرئەوە پێیان ئەگووت خاڵ ..،

لە ناو بەندیخانەشدا حزب رێکخستنی نهێنی هەبوو.. لە ساڵی 1964 دا ئێمە شەش هاوڕێ بووین ، هاوڕێ سامی ئەحمەد لێپرسراومان بوو ئێمە ئەو شەش کەسە بووین :

1- حەمەدەمین گاوان.
2- حاسم خەفاجی.
3- ماهوت ( ناوی باوکی نزانم )
4- گلی بان ساڵح عەبلی.
5- عەبدوللا راوی
6- مەحمود حاجی ئەحمەد ناسراو بە ئەبو وائیل.

بەڵام دوای چەند مانگێك هاوڕێ سامی گۆڕدراو ( کازم فەرهود ئەبو قاعیدە ) بووە لێپرسراومان، ئنجا هاوڕێ ئەبو قاعیدە بۆ مەحکەمە چوو ئەم جارە هاوڕێ صادق جەعفەر فەلاحی ئەبو جەعفەر هاتە رێکخراومان بەڵام کۆبوونەوەی بە ئاشکراش ئەکران بۆ هەموو بەندیخانە کۆڕی بەرفرەوان ئەکران هەموو هاوڕێیان بەشداریان ئەکردو گفتوگۆیان ئەکرد، ئەوەم لە بیرە هاوڕێ ( حوسێن سوڵتان ) زۆر بەرگری لە ( جەمال عەبدولناسر ) ئەکرد ئەیگووت ئەوە خونچە گوڵە، بە عەرەبی پێی ئەگووت ( جنبوگە ) بەڵام بەشی زۆری هاوڕێیان لەو قسانەی هاوڕێ حوسێن سولتان رازی نەبوون ، بەڵام هاوڕێ حوسێن هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی و جەمال عەبدولناسری بە سەرکردەیەکی عەرەبی دوژمنی ئیستعماری ئەزانی، ئەیگووت ئەم جۆرە سەرکردانە لە ناو عەرەباندا کەمن کە دوژمنی ئیمپریالیست بن.. هەروەها هاوڕێ حوسین سوڵتان بەردەوام لێژنەی لە کادیرە پێشکەوتووەکان دروست ئەکردن و پێشبڕکێی سازئەدان ... لێژنەکانی ئەکردن بە دوو بەش پرسیاری مێژوویی بۆ دائەنان بۆ نموونە لە یەکدییان ئەپرسی کەی حزبی شیوعی بولگاریا دامەزراوە سکرتێری یەکەمی ناوی چی بوو یان بۆچی بە حزبی شیوعی فەڕەنسی ئەڵێن حزبی شەهیدان و چەندان پرسیاری دیکەی لەو بابەتە، پێشبرکێیەکە بە بەرنامەیەکی رێك و پێك رێك ئەخراو وەڵامی پرسیارەکان ئەدرایەوەو بە شێوەیەك کە هەموو هاوڕێیان سوودی لێوەربگرن.

هاوڕێیانی بەندیخانە هەموویان کاریان ئەکرد هەندێك لە مەتبەخ ئیشیان ئەکرد هەندێك لە فرنی نانی هەندێك لە بەرگدوورین هەندێك لە سەرتاشخانە، ئێمە سێ هاوڕێ بووین لە مەتبەخ ئیشمان ئەکرد تەنها برنجمان لێئەنا هەفتەی دووجار سرەمان بوو من و دووبرادەری دی بووین ( فەخیری سەید وەلی ) و ( تەیمور ساڵح زەکی ) فەخیری وەستابوو چێشتی دروست ئەکرد بەڵام من و تەیمور یاریدەدەری بووین، لە کارەکەماندا زۆر ماندوو ئەبووین چونکە کەلوپەلی تەواومان نەبوو و خواردنمان بۆ ( 1800 ) کەس ئامادە ئەکرد بۆیە ناچار ئەبووین چەند جارێك خواردن لێبنێین تا بۆ نیوەڕۆ خواردنمان بۆ هەموان حازر ئەکرد...، ئنجا ( ئەبو کادح ) هاواری ئەکرد: یەڵا غەدا غەدا.. دوای ئەو خەفەری هەر ( 10 ) هۆڵەکان ئەهاتن خواردنی خۆیان ئەبرد.., دوو هاوڕێی دی شلەیان دروست ئەکرد ، هەفتەی دوو رۆژ ساوارمان هەبوو دوو رۆژیش

برنجی سوورمان هەبوو ( پێیان ئەگووت متەبگ) و بەیانییان دوو هاوڕێی دی شۆربایان لێئەنا و دووهاوڕێی دیش چایان لێئەنا..، هەفتەی دوو رۆژ هەریەکەی پارچە پەنیرێکی ناو قووتوویان ئەدایێ..، ئێواران مەرەگە لێئەنرا و مەعکەرۆنی و هەندێك جار دووکوبەو نانێك ئەدرا یان دوو شفتە ئەوانە خواردنەکانی نوگرە سەلمان بوون..، هەفتەی دوو جار خۆمان ئەشووشت هەریەکەمان تەنەکە ئاوێکی گەرممان ئەبردە حەمام و چونکە حەمامەکە ئاوی تێدا نەبوو لە پێشدا حەمامەکان ئاودەست بوون بەلاّم پاك کرابوونەوەو کرابوونە حەمام، (10) حەمام بوون لە هەر قاوشێکدا دوو هاوڕێ ئاویان گەرم ئەکرد هەروەها دوو هاوڕێ هەبوون جلی هاوڕێیانیان ئەشووشت ( هاوڕێ عەبدوللا کەریم ناسراوبوو بە عەبدوللا حەدیقچی ئەوەی تر ناوی مستەفا فەقێ محەمەد بوو ناسراو بوو بە مستەفا برزە داری ) هەر پارچە جلێکیان بە (10) فلس ئەشووشت بەلاّم لە دواییدا هاوڕێیان جل شووشتنی بە پارەیان قەدەغەکرد،

هاوڕێیان یارمەتی ئەو کەسانەیان ئەدا کە بەتمەن و پیر بوون یان ئەو هاوڕێیانەی پەککەوتە بوون و پێویستیان بە یارمەتیدان هەبوو..،

هاوینان شەوان لەدەرەوەی قاوشەکان ئەنووستین لەدەرەوە بە قوڕ سەکۆمان دروست کردبوون ئەوەی سەکۆی دروست نەکردبا ئەوە لە بەینی قاوشەکان ئەنووست ، بەلاّم بەرۆژ ئەچووینەوە ژووری قاوشەکان بۆ نووستن، هەروەها چەند کوپی ئاومان دانابوون ئاوی شیرینمان تێئەکرد چونکە ئاوی شیرینمان بە تۆمۆبێل بۆ ئەهات لە سەر سنووری سعودیە..، تۆمۆبێلەکە لە دەرەوەی بەندیخانە ئەوەستا کونێکمان لە دیوار کردبووەوە کە ئاو ئەهات تۆمۆبیلەکە هۆڕنەی لێئەدا ئێمەش سەری سۆندەمان ئەگرت و لە کەنەکە ئەمانهێنا ژووری ئێمەش بەتەنەکان تانکیەکانمان بەتاڵ ئەکردن و هەموو قاوشەکان ئەم ئیشەیان ئەکرد و باش بوو زوو زوو ئاومان بۆ ئەهات بێ ئاو نەئەبووین ، هەرچەندە ئاوی تاڵ بە بۆڕ ی لە ناو بەندیخانە دابەشکرابوو بەلاّم ئاوی تاڵ بەکەڵکی خواردنەوە نەئەهات هەتا بۆ خۆشووشتنیش باش نەبوو بەلاّم ئەگەر گەرم کرابا ئەوە باشتر بوو بەکەڵکی شووشتن و جل شووشتن ئەهات ، بەلاّم نەئەخورایەوە،

شەوانە لە ناو قاوشەکان ئێشکگر هەبوون، هەر هاوڕێیەك شەوانە سەعاتێك ئێشکی ئەگرت بە پێی ئەو پرۆگرامەی دانرابوو هەروەها دوو هاوڕێش یاساوڵ بوون..، ئەویش شەوانە یەك کاتژمێربوو، شەوێکیان من و حەنا پۆلس کە ئەویش هەر خەڵکی شەقلاّوە بوو لەیەك قاوش بووین و زۆر یەکدیمان خۆشئەویست لەبەر ئەوە من و حەنایان پێکەوە دانابوو، کاتژمێر دووی شەوبوو من و حەنا یاساوڵ بووین تا سعات سێ ی شەو، دەرەیەکمان لێئەدا بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکەین لە دەورەی دووەم بە حەنام گووت :هاوڕێ حەنا کاتێك لێرە دەرئەچین و ئەگەینەوە شەقلاّوە ..، خەڵکی شەقلاّوە هەموو پێشوازیمان لێئەکەن و پێمان ئەڵێن ئەوانە لە پێناوی گەلدا گیرابوون و بەرگرییان لە مافەکانی گەل کردوە..، بەلاّم هاوڕێ حەنا بە قسەکانم توڕەبوو و دەستی بە جوێندان کرد ..! گووتی : وەللاّهی بەیانی زوو ئەچم پاکانە ئەکەم ! من مردم لەو بەندیخانەیە..،

بۆ بەیانی حەنا پۆلس چوو پاکانەی کرد و پاش دوو ڕۆژ حەنا لە بەندیخانە دەرچوو، لە بەندیخانە لە شەقلاوەییەکان من بە تەنیا مامەوە چونکە لە پێشدا هەتا ( 20 ) کەس خەڵکی شەقلاوە لە نوگرە سەلمان بووین، بە پارتی و شیوعییەکانەوە، پارتییەکان ئەوانە بوون :

1. عەزیز قادر خومار.
2. ئەحمەد عەولا خەنجەر.
3. حاجی سەعیدی حاجی خدری.
4. حاجی ڕەشید.
5. مەلاحەسەن گورگە.
6. مەلا حەسەن باگەدەر.
7. حاجی حاجی حەسەن.
8. شێخ وسو شێخە.
9. مەلا حەمەدەمین حوتان.
10. خدری قادر برایم شینێ.
11. ساڵح مینۆ خەجەرەشێ.

من هەر ئەو ناوانەم لەبیرماون بەڵام هاوڕێیانی شیوعی من و ڕەشید کاوانی و حونا پۆلس و حەمەدەمین عەزیز حەریری و بووین ، ئەوان هەموویان دەرچوون من بە تەنیا مامەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەی بەتەیابووم ڕۆژ بەڕۆژ ورەم بەرز ئەبۆوە زیاتر لە حزب ئەچوومە پێش هاوڕێیانیش زۆر بڕوایان پێبووم بۆیە مەکتەبی حزبی ئەو کتێبانەی بەکوردی بوون لای منیان دائەنان منیش کتێبەکانم ئەدا بەو هاوڕێیانەی جێگەی متمانە بوون،

(هاوڕێ شەوکەت خەزنەدار ) کە خۆی بەرگدوورێکی زیرەك بوو قاتی زۆر باشی دروست ئەکردن گەلەك لە ئەفسەرەکان ئەیانارد پارچە قوماشییان بۆ ئەهات و هاوڕێ شەوکەت بۆ ئەدوورین. جا هاوڕێ شەوکەت عوودەکی لە تەنەکەو وایەری نایلۆن درووستکردبوو بۆ خۆی و بە کەیفی خۆی عودی پێلێئەدا.

ئەوانەی باسمکردن لە ساڵی 1962 تا ساڵی 1966 بوون، لە 1966/6/12 لە ئیدارەی بەندیخانە بە هاوڕێ محەمەد عەزۆیان گووتبوو بەیانی حەمەدەمین مەحمود با ئامادەبێ بۆ پاریزگەی بەعقوبەی ئەبەین بە کەفالەت دەرئەچێت ، ئەو کاتی هاوڕێ محەمەد عەزۆ نوێنەری هاوڕێیان بوو پێی گووتم: هاوڕێ بەیانی دەرئەچیت، ڕاستی وامزانی گاڵتە ئەکات، پاشان گووتی هاوڕێ گاڵتە ناکەم ئەتبەنە بەعقوبەو لەوێ بە کەفالەت بەر ئەبیت، منیش بەیانی خۆم ئامادە کرد و لەبەر دەرگە وەستام بانگییان کرد م و منیش یەك یەکە هاوڕێیانم ماچ کردن و دەستم لە ملی کردن و ماڵئاواییم لێکردن.

ئەو ڕۆژە بەشەو گەیشتمە بەعقوبە تەسلیمی دائیرەی ئەمنی بەعقوبەیان کردم پۆلیسەکانی نوگرە سەلمان گەڕانەوە.. پاش چەند کاتژمێرێك زابتی ئەمن بانگی کردم ، کەلەپچەیان لەدەستی کردمەوە و چوومە لای

زابتی ئەمن ، ئەویش دینام و بانگی چایەیەکی بۆ کردم ، چایەکەم خواردەوە ئنجا پرسی خەڵکی کوێیت ؟ گووتم خەڵکی شەقڵاوەم . گووتی کارت چ بوو؟ گووتم کاسب . گووتی ژنت هەیە؟ گووتم نەخێر ژنم نیە. چەند پرسیاری دیکەی لەو بابەتانە لێکرد م منیش ئەوەی بە باشم زانی وەڵامم دایەوە،

دوای ئەم پرسیارو وەڵامانە گووتی وەرن بیبەنە خانەقی بۆ لای حاکم ..، هەر بەو شەوە منیان بردە خانەقین ، کە گەیشتین حاکم لەوێ نەبوو هەر بەو شەوە جارێکی دی دووبارە گەڕاینەوە بەعقوبە، ئەمجارەیان منیان بردە تەوقیفی بەعقوبە، خەڵکێکی زۆری لەوێ بوون زۆربەیان ئێرانی بوون و کەمی سیاسی بوون ، بۆ ماوەی دوو رۆژ لە تەوقیفی بەعقوبە مامەوە و پاش دوو رۆژ بردمیانە کەرکوك لەوێش دوو شەو مامەوە پاشان چوومە هەولێر و بردمیانە موقوفی هەولێر ، لەوێ چەند هاوڕێی دی لەگەل چەند\ برادەرێکی پارتی لەوێ بوون..، هاوڕێیەکانی حزبی شیوعی ئەوانەی لەبیرم مابن ئەوانە بوون : نامیق خورشید و مەلا حەمزە و یوسف فەرەنسیس ناسراو بوو بە ئەبو سوریا ، ئەوان داوایان لێکردم کە هەندێ قسەیان بۆ بکەم، منیش گووتم گەلان بەیەکگرتن ئازاد ئەبن پێویستە ئێمەش هێزی نیشتمانپەروەر خۆمان لێك نزیك بکەینەوە بۆ ئەوەی ئێمەش وەك گەلان ئازاد بین، پاشان بردادەرێکی پارتی ناوی سمایل چۆمەزەردلە بوو ئەویش گووتی ئەگەر رێگەم بدەن منیش هەندێك قسە بکەم ئێمەش پێمان گووت فەرموو هەرچی پێت باشە بیلێ ، ئەویش قسەی زۆر باشی کردن کە لە بەرژەوەندی هێزی نیشتمانپەروەران بوون خزمەتی هەژارانی ئەکرد،

بۆ بەیانییەکەی لە دائیرە بانگیان کردم و داوایان لێکردم کە واز لە شیوعییەت بێنم و پاکانە بکەم، منیش پێم گووتن ئەگەر من شیوعی نەبم چۆن پاکانە لە شیوعییەت بکەم؟ بەڵام براکەم ( عوبێد ) کە لە لای مفەوەزی ئەمن لەگەلم وەستابوو، رووی لەو کردوو گووتی : ئەبینی ئەوە بووە بە ستالین .. سمێڵی چەند گەورە کردوونە؟ دووبارە رووی لەمن کردەوەو گووتی : تۆ هیچ رەحمت نیە دوێنێ براکەت مردووە ئەتەوێت ئەو برایەشت بە قەهران بکوژی؟! من نەمزانی بوو کە برا گەورەکەم ئەمری خوای بە جێهێناوە ، عوبێد دەستی بە گریان کرد ..، بەڵام من زۆر لەسەرەخۆ وەڵامی مفەوەزم دایەوەو گووتم ، ئێوە زۆردارن رێز لە مافی مرۆڤ ناگرن چونکە ئەوە چەند ساڵە منتان بێتاوان بەند کردووە بێ ئەوەی هیچ شتێکم لەسەر بێت..، کە ئەو قسانەم کرد مفەوەز ئەمنەکە گووتی بە قورعان تۆ شیوعیت هەرچەندە زمانیشم بەرۆژییە..، منیش پێم گووت تۆ چۆن سوێند بە قورئان ئەخۆیت و هیچ دەلیلێکت لەسەر من نیە..، گووتی چۆن دەلیلم نیە ئەو هەموو راپۆرتە لەسەر تۆ هاتووە هەمووی لەسەر خوراوە..، منیش دووبارە پێم گووت باشە ئێستاکە تۆش سوێندت نەخوارد و ئەڵێی زمانیشم بەرۆژیە ئەوانەی ئەو راپۆرتانەشیان لەسەر من نووسیوون هەروەك تۆ سوێندیان خواردووە ، پێی گووتم ئەوە لێم بوویتە موحامی؟! برۆ دەرێ بانگی پۆلیسی کردو کەلەبچەیان لە دەستی کردم و بردمیانە مەوقوف، عوبێدی برام لە هەولێر ئەچێتە مالی ( سەلیم عوسمان ) بە سەلیم ئەڵێت حەمەدەمینیان بەرنەدا سەلیم بە عوبێد ئەڵێت نەتزانی مفەوەزەکە ناوی چی بوو ؟ عوبێد ئەڵێت ناوی ( حەسەن فەندی ) بوو سەلیم بە عوبێد ئەڵێ ئەو حەسەنە فەندییە برادەرمە ئێستاکە ئەچم ئەیبینم چونکە کاتی خۆی من زۆر خزمەتی ئەو حەسەنە فەندییەم کردووە، کاتی خۆی پێشمەرگە مەرکەزی کۆیسنجاقیان

محاسەرە کردبوو من و حەسەنە فەندی پێکەوە لەناو مەرکەزی ماینەوە و زۆر یارمەتیم دا ئێستاکە ئەچمە لای..،

سەلیم ئەچێتە لای حەسەنە فەندی ئەیبینێتەوە بەحەسەنە فەندی ئەڵێت من ئیشێکم لات هەبوو ئەویشت بۆ نەکردم ئەو خزمەی منت بەرنەدا ئەویش بە سەلیم ئەڵێت باوکم ئەوە شیوعییە وازیش لە شیوعییەت ناهێنێت تا بەری بدەم، سەلیمیش پێی ئەڵێت باشە بە هەزاران شیوعی لە دەرەوەن بائەوەش لەگەل ئەو شیوعییانە لە دەرەوە بێت ما شۆڕش بەوی سەرئەکەوێت؟! حەسەنە فەندی بە سەلیم ئەڵێت کاک سەلیم من کتابم لەسەر نووسیووە تەسلیمی نائیب عەریفم کردووە ئەگەر ڕەوانەی کردبێت ئەوە بەکەس چ ناکرێ ، بەلاٚم ئەگەر ڕەوانەی نەکردبی ئەوە بەیانی بۆ خاتری تۆ بە کەفالەت بەری ئەدەم هەر ئەو ڕۆژە کتابەکە بە ئۆتۆمۆبێلە زیلی عەسکەری بۆ محتەی ڤیتار ئەنێرێ و لەهەولێر تۆمۆبێلەکە لەچەند کەسان ئەدات .. بەیەکجار هەڤدە کەس ئەکوژێت لەبەر ئەوە کتابەکەم گەڕابۆوە ئینجا کاک سەلیم بە عوبێد ئەڵێت ئەچیت دوو عەلەشیش بە پێنج دینار ئەکڕیت تا حەمەدەمین بەردەین، عوبێد ئەچێت دوو عەلەشیش ئەکڕێت و یەکیان بۆ حەسەنە فەندی و ئەودیکەشیان بۆ نائیب عەریفەکە ئەبات ئینجا لە 1966/2/20ء بە کەفالەتی 2000 دووهەزار دینار بەربووم..، سەلیم عوسمان بووە کەفیلم هەر ئەو ڕۆژە لەگەل عوبێد هاتینەوە شەقلاٚوە..،

زۆر لە خزم و برادەران هاتنە بە خێرهاتنەوەم ... بەلاٚم من هەر چاوەڕێبووم حزب هاوڕییێەك بنێرێت بۆ ئەوەی پەیوەندییان پێوە بکەم شەوی 1966/3/14 هاوڕێ حەمەد زەخۆك هات لە پاش چاك و چۆنی پێی گووتم سبەی شەو وەرە ماڵی هاوڕێ مستەفا مامە ماڵیان لە باخچان بوو..، منیش شەوی 1966/3/15 چوومە ماڵی هاوڕێ مستەفا مامە بەلاٚم بەداخەوە هاوڕێ مامەم نەدیت ، بەلاٚم پاش بەینێك هاوڕێ ( ساڵح عەسکەری ) لەگەل هاوڕێ حەمەد هات لە پاش یەکدی ماچکردن یەکدیمان ناسی چونکە من و هاوڕێ ساڵح یەکدیمان نەیتبوو ئینجا هاوڕێ ساڵح گووتی شتی باش بوو لەو کاتەدا هاتییەوە چونکە بەراستی زۆر پێویستیمان بە هاوڕێیەکی وەك تۆ بوو بۆ ناو شەقلاٚوە ، بەلاٚم من پێم گووت هاوڕێ گیان  زۆر چاك ئەزانم من ئەگیرێمەوە بۆیە وای بە باش ئەزانم بێمە دەرێ تا نەگیراومەتەوە، هاوڕێ ساڵح گووتی بە هیچ شێوەیەك نابێت تۆ بیێیتە دەرەوە چونکە تۆ بە کەفیل بەربوویت ، حزب ڕێنادات هەر هاوڕێیەك بە کەفالەت بەربووبێت بێتە دەرەوە،بەلاٚم ئەگەر بێت و کەفیلەکەت لەگەل خۆت دێینە دەرێ ئەوە حزب بە باشی ئەزانێ بەلاٚم حزب ڕێگە نادات کەفیلەکەت لەسەر تۆ تووشی هیچ جۆرە نەخۆشییەك بێت، بەلاٚم تۆ چاوەڕوان بکە لەو ڕۆژانە واجیباتت بۆ دیارئەکرێت.

لە دائیرەی ئەمنی شەقلاٚوە ڕۆژانە دووجار بانگ ئەکرام بەیانی و ئێواران چونکە لە ژێر چاودێری بووم پێیان گووتبووم ئەبێ هەموو ڕۆژێ بیێتە مەرکەز ئەگەر سەفەر بکەی بۆ هەر لایەك ئەبێ ئێمە ئاگادار بکەی لەبەر ئەوە ئەمزانی ئەگیرێمەوە بۆیە داوام لە هاوڕێ ساڵح کرد کەوا دەرەچم و ببمە پێشمەرگە، بەلاٚم هاوڕێ ساڵح عەسکەری دووبارەی کردەوەو گووتی هاوڕێ ئەوە بڕیاری حزبە بۆیە قەت بیر لەوە مەکەوە ، بەلاٚم لەو ڕۆژانە

واجیباتت بۆ دیارئەکرێت و ئەبێت بە پێی توانا جێبەجێی بکەی بیر لەمە بکەوە منیش بیرم ئەکردەوە ئەمزانی ئەمڕۆ یان بەیانی ئەمگرنەوە. لە رۆژی 1966/3/18 جاری دووەم چووبوومە دائیرەی ئەمن ، ئێوارەکی درەنگ پیاوێکی ئەمن هات ناوی ( مام رەشید ) بوو، گووتی کاک حەمەدەمین ئەوە دوو ئەفسەری عەسکەری هاتوون ئەڵێن حەزئەکەین کاك حەمەدەمین ببینین منیش زانیم ئەمگرنەوە بەلاّم هیچ چارەشم نەبوو بۆیە بە ناچاری لەگەل مام رەشید کۆیی پیاوی ئەمن چوومە دائیرەی ئەمن، ئەوەی راستی بێت کاتێ چوومە ژوور دوو ئەفسەری بە دەرەجە یەکیان نەقیب بوو ئەویدیکەیان بە دەرەجەی ملازمی دووەم بوو، کەچوومە ژوور هەردووکیان لەبەرم هەڵستانەوە و تۆقەیان لەگەل کردم بە گەرمی بەخێرهاتنیان کردم چایان بۆ هێنام و خواردمەوە ، پرسیاریان کرد ئەو ماوەیە لەگەل هاوڕێیانت چۆنت رابوارد؟ گووتم ئێمە چۆنمان رابوارد ئێمە لە هەموو مافێکی مرۆڤ بێ بەشکرابووین بە بێتاوان بەندییان کردین و هەموومان لە کەس و کارو منداڵەکانمان دوورکەوتبووینەوە ئێوە ئەگەر دوورۆژ لە ماڵ و منداڵتان دووربکەونەوە چەندتان لا گرانە من هیچم لەسەر نەبوو ئەو ماوە درێژە رەوانەی نوگرە سەلمانیان کردم هەتا برا گەورەکەم ئەمری خوای کردو من لای نەبووم، راپۆرتی بە درۆم لەسەر نووسرابوون ، پێویست بوو ئەوەی راپۆرتی لەسەر من نووسیووە موحاسەبە کرابا کە چۆن پیاوێکی بێتاوانی رەوانەی نوگرە سەلمان کرد؟ گووتیان بەڵێ راست ئەکەی ئێمەش لەگەل تۆین نابێ هیچ مرۆڤێك بێ تاوان بگیرێت ،ئینجا ئەفسەرەکان گووتیان داوای لێبووردن ئەکەین ئێمە ماوەمان نەما ئەبێ بگەڕێینەوە بارەگەی سوپا ، هەڵسان و دووبارە تۆقەیان لەگەل کردم و رۆیشتن، لە پاش ئەوان ئەفسەری مەرکەز گووتی کاك حەمەدەمین تۆ ئەو شەوە میوانی ئێمەی .، بەیانی ئەچییەوە.، زانیم کە من گیرام! تا بەیانی تەوقیف کرام بەیانی زوو پێش دائیرە دەوام بکەن ، منیان سواری تۆمۆبێلی مەسڵەحە کرد گووتیان بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئەیەوێت بتبینێ، بۆیە زوو ئەڕۆین تا بگەڕێینەوە ، بەلاّم هەر ئەو رۆژی لە هەولێر بە تۆمۆبێلی مەسڵەحەی تایبەتی منیان بردە بەغدا، لەوێش شەوێك لە مەوقوف سەرای بەغدا مامەوە، بەلاّم ئەمجارە پێیان گووتم تۆ بۆ سەماوە ئەچیت لە سەماوە ناچیە ژووری هەر لە سەماوە دەست بەسەر ئەبیت کاتێ گەیشتینە سەماوە لە پێش هەموو بەندییەکان منیان دەژووری کرد بەیانی زوو رەوانەی نوگرە سەلمانکرام، دووبارە پێیان گووتمەوە کەوان من ناکەنە ناو ژووری بەندیخانە ، بەلاّم کە گەیشتینە ئەوێ لە پێش هاوڕێیان منیان بردە ژووری ناو بەندیخانە لە هەمان جێگەی پێشوو لە بەینی هاوڕێ یاسین حەمەدەمین خەیلانی خەڵکی مەخموری بوو لەگەل هاوڕێ هیندال جاتر ئەبو عیدان ناسراوبوو، خەڵکی بەسرا بوو ، هاوڕێیان بە خێر هاتنەویان کردم و گووتیان ئەگەر حەزبکەی لەگەل هاوڕێ تاریق لەسەرتاشخانە ئیش بکە بۆ ئەوەی فێری سەرتراشین ببیت. هاوڕێ تارق خەڵکی حلە بوو بە ئەبو زیاد ناسراوبوو لەگەل ئەو لەسەرتاشخانە ئیشم کرد تا بوومە سەرتراشێکی چاك، هاوڕێیەکمان هەبوو ناوی ( سەباح غەلتان ) بوو هەردەم قسەی غەڵەتی هاوڕێیانی ئەنووسییەوە ئینجا جاریکیان لە منی پرسی گووتی هاوڕێچ گاوانی ئەمڕۆ سەری چەند هاوڕێیانت تراشیوە؟ گووتم : ئەمڕۆ سەری پێنچ حۆلیم تراشیوە ( حۆلی ) یەعنی ( گۆلك ) منیش چونکە عەرەبیم باش نازانی لە جیاتی ئەوەی بڵێم ( حوالی ) پینچ سەرم

تراشیوه گووتم هاوڕێ ئەمڕۆ سەری پێنج حۆلیم تراشیوە..، بەو مانایەی سەری پێنج گۆلکم تراشیوە؟! ئنجا هاوڕێ سەباح غەلتە ئەوەی لەسەر چەسپاندم و لە بۆنەو بیرەوەرییەکاندا ئەمەو و چەندین شتی وەك نوکتە ئەخوێندنەوە ، ئەمە وەك بیرەوەرییەکی خۆش ، هەروەها لە بەندیخانەدا چەندین بیرەوەری دی هەن لەوانە : لەناو بەندیخانە هەندێك لە هاوڕێیان لە حزب جیابوونەوە، ژمارەی کەم بوون بەلاّم دووکەسی ناسراو سەرپەرشتی ئەو دابڕاوانەیان ئەکرد یەکیان ئەفسەری ناسراو ( سەلیم فەخیری ) بوو کە خەڵکی بەراستی زۆریان خۆشئەویست چونکە کەسایەتییەکی بەرزی هەبوو و خاوەن هەڵوێست بوو، هی دووەم ناوی ( ئەحمەد ئەبو نەهلە ) بوو ، سەلیم فەخیری ئەفسەری دەرەجە دار بوو عەقید روکن بوو ، بولاّم ئەحمەد ئەبو نەهلە نەقیب بوو، کەم کەس خۆشیان ئەویست لەبەرئەوە هەڵوێستی باش نەبوو ، سەلیم فەخیری داوای لە هاوڕێیان کرد لەگەل وی کار بکەن واز لە حزب بێنن داوایان لە عەبدولقادر ئیسماعیل کرد کەوا بچێت لەگەل سەلیم فەخیری ئیش بکات بەلاّم عەبدولقادر وەلاّمی جەماعەتی سەلیم فەخیری دایەوەو گووتی : رێکخراوی حزبی شیوعی لە مرۆڤایەتی خۆی نانم ئەداتێچونکە من خیانەتم کردووە دەربارەی حزبی شیوعی عێراقی ئینجا ئێوە ئەتانەوێ هەندەی تر تووشی خیانەتم بکەن ؟

هەروەها سەلیم فەخیری رۆژێکیان گووتی گاوانی بەیانی لە لای من دەعوەتی، منیش بە هاوڕێ سامی ئەحمەدم گووت کە سەلیم فەخیری دەعوەتم ئەکات تۆ رات چییە؟